


# توندڕەویی توندوتیژ لە هەرێمی کوردستان: پاڵنەرەکان و ڕێکارەکانی ڕێگریکردن لێی

ڕێخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ (IOM) پابەندە بەو بنەمایەوەی کە دەڵێت کۆچکردنی ڕێکخراو و مرۆڤانە سوود بە کۆچبەران و کۆمەڵگە دەگەیەنێت. وەک ڕێکخراوێکی نێوحکومی، ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ لەگەڵ هاوبەشەکانیدا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کار دەکات بۆ: هاوکاریکردن لە بەرەنگاربوونەوەی ئەو ئاستەنگانەی کارکردن کە لەبەردەم کۆچدا دروست دەبن، تێگەیشتنێکی پێشکەوتوو بۆ گرفتەکانی کۆچ، هاندانی گەشەسەندنی ئابووریی و کۆمەڵایەتی لەڕێگەی کۆچەوە، هەروەها پاراستنی شکۆی مرۆڤ و خۆشگوزەرانیی کۆچبەران.

ئەو بۆچوونانەی لەم ڕاپۆرتەدا گوزارشتیان لێ کراوە تایبەت بە نووسەرەکان خۆیانن و مەرج نییە ڕەنگدانەوەی بۆچوونەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ بن. ئەو زانیارییانەی لەم ڕاپۆرتەدان تەنیا بۆ فراوانکردنی زانیاریی گشتین. هاتنی ناوی هەندێک کەس و لایەن لێرەدا ئاماژە نییە بۆ پشتگیریکرن لێیان یان پەسەندکردنیان بە شێوەیەکی فەرمی لەلایەن رێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچەوە.

ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ هەوڵ دەدات تا دەتوانێت پارێزگاریی لە دروستیی زانیارییەکانی ناو ئەم ڕاپۆرتە بکات، بەڵام نە بە ڕاستەوخۆ و نە بە ئاماژە بانگەشەی ئەوە ناکات کە ئەم زانیارییانەی لێرەدا خراونەتە ڕوو تەواون و هەروەها دروست و گونجاون.

ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ

ناونیشان: باڵەخانەی یونامی (دیوان ٢)، ناوچەی نێودەوڵەتی، بەغدا/عێراق

ئیمەیڵ: iomiraq@iom.int

ماڵپەڕ: iraq.iom.int

ئەم ڕاپۆرتە لەلایەن (د. کامەران پاڵانی)ییەوە ئامادە کراوە، کە ڕاوێژکاری ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژە لە ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ لە عێراق.

(International Organization for Migration (IOM 2023 ©

هەموو مافەکان پارێزراون. ناتوانرێت هیچ بەشێک لەم بڵاوکراوەیە بەبێ مۆڵەتی پێشوەختەی نووسراوی بڵاوکەرەوە بەرهەم بهێنرێتەوە، یان لە سیستەمێکی وەرگرتنی زانیاریدا هەڵبگیرێت، یان بە هیچ شێوەیەک یان بە هەر ڕێگەیەکی ئەلیکترۆنی، میکانیکی، فۆتۆکۆپیکردن، تۆمارکردن، یان بە هەر شێوەیەکی تر بگوازرێتەوە.

# ناوەڕۆک


سوپاس و پێزانین ٤

١. پوختەی جێبەجێکردن ٥

٢. پێشەکی ٧

١.٢ بۆشاییەکانی زانیاری ٨

٢.٢ چوارچێوەی شیکاری ٩

٣.٢ میتۆدی توێژینەوە ١٠

١.٣.٢ چاوپێکەوتنەکان ١٠

٢.٣.٢ گرووپی گفتوگۆی ورد ١٠

٣.٣.٢ ڕاپرسی ١١

٤.٣.٢ لەمپەرەکان ١٣

٥.٣.٢ ئیتیکی توێژینەوە ١٤

٣. توندڕەویی توندوتیژ لە هەرێمی کوردستاندا: مێژووەکەی و چاوپێداخشاندنێک ١٥

١.٣ دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ١٥

٢.٣ لە ساڵی ٢٠٠٣وە بۆ ساڵی ٢٠١٤: کەیسی خۆڕاگری ١٥

٣.٣ دوای ساڵی ٢٠١٤ ١٦

١.٣.٣ سەرهەڵدانی داعش ١٦

٢.٣.٣ زیادبوونی نارەزایەتیی گەنجان ١٧

٤. تێڕوانینی خەڵک ١٨

١.٤ ڕاوبۆچوونی خەڵک لەسەر داهاتوو ١٩

٢.٤ ئاستەکانی ڕازیبوون ٢٠

٣.٤ متمانەکردن بە دەسەڵات ٢١

٤.٤ ئایا بەکارهێنانی توندوتیژیی ڕەوایە؟ ٢٢

٥.٤ ئەو گرووپانەی لە مەترسیدان ٢٤

٥. ئەو فاکتەرانەی لە بەرژەوەندیی توندڕەویی توندوتیژن لە هەرێمی کوردستاندا ٢٥

١.٥ هاندەرە بونیادییەکان ٢٥

٢.٥ فاکتەرە ڕێخۆشکەرەکان ٢٧

٣.٥ هاندەرە کەسییەکان ٢٨

٦. دەرئەنجام و پێشنیازەکان ٣٠

١.٦ پێشنیازەکان ٣٠

٧. پاشکۆ ٣٣

# سوپاس و پێزانین

ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ و نووسەری ئەم توێژینەوەیە سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەن کە بەشدارییان لە توێژینەوەکەدا کردووە، بەتایبەتی دەسەڵاتە خۆجێیەکان لە پارێزگای هەڵەبجە و ئیدارەکانی ڕاپەڕین و گەرمیان. هەروەها سوپاسی نوێنەرانی باڵای هەرێمی کوردستان و سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان و دامودەزگاکانی دیکەش دەکەین بۆ هاوبەشیپێکردنی ئەزموونەکانیان لەگەڵمان و ڕاوبۆچوونیشیان سەبارەت بەم توێژینەوەیە. هەروەها سوپاسی حکومەتی هۆڵەندا دەکەین کە پشتگیریی دارایی پڕۆژەکەی کرد، هەروەها تیمی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ بۆ پێشکەشکردنی زانیاری و پشتگیریی لۆجیستیکی و فیکرییان لەماوەی کۆکردنەوەی زانیارییەکان و ڕاپەڕاندنی لێکۆڵینەوە مەیدانییەکاندا.



وێنە ١: ئەنجام ڕەسول / ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ

# ا. پوختەی جێبەجێکردن

لەکاتێکدا ژینگە ڕادیکاڵکراوەکان لە هەرێمی کوردستاندا بڵاو نین، بەڵام ئەم توێژینەوەیە چەند پرس و فاکتەر و پاڵنەرێکی دەستنیشان کردووە کە دەتوانن مەترسیی سەرهەڵدانی توندڕەویی توندوتیژ لە هەرێمەکەدا زیاد بکەن. دەرئەنجامەکان ئاماژە بە نیگەرانییەکی بنەمادار دەکەن کە جەمسەرگیری (Polarization) لەنێو کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان و گەنجانی نارازیی هەرێمەکە ژینگەیەکی ڕەخساندووە کە دەشێت لە داهاتوودا ڕێخۆشکەر بێت بۆ ڕادیکاڵبوونی گەنجان و سەرهەڵدانی توندڕەویی توندوتیژ. بۆ ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتە خۆجێییەکان ڕێبازێکی کارکردنی تۆکمە بگرنەبەر کە لەسەر بنەمای بەڵگە کار بکات و لەهەمان کاتدا هەماهەنگیی دەزگا جیاجیاکانیشی تێدا بێت.

ئەم توێژینەوەیە میتۆدێکی توێژینەوەی تێکەڵاو بەکار دەهێنێت، کە ٤٩ چاوپێکەوتن و ١٠ گرووپی گفتوگۆی ورد لەخۆ دەگرێت، هەروەها لەگەڵ خستنەڕووی داتای چەندایەتی کە لەڕێی ڕاپرسییەکەوە، کە لەگەڵ ٤١٩ کەسدا کراوە، کۆ کراونەتەوە. توێژینەوەکە پاڵنەرەکانی توندڕەویی توندوتیژ دەستنیشان دەکات و شیکاریان دەکات و پێشنیازی پەیوەندیدار بە سیاسەتی دروستی کارکردن بۆ ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ دەخاتە ڕوو. ئەم ڕاپۆرتە ئەم دەرئەنجامە سەرەکییانەی خوارەوە پێشکەش دەکات:

١. بەهۆی ئەوەی لە هەرێمی کوردستاندا چەندین فاکتەری مەترسی هەن، داتاکان نیشانی دەدەن کە ژینگەی هەرێمەکە لەبارە بۆ گەشەکردنی توندڕەویی توندوتیژ. نابێت ئەو ئاستە نزمە ڕێژەییانەی توندڕەویی توندوتیژ کە لە ساڵانی ڕابردوودا هەرێمی کوردستان پێیاندا تێپەڕیوە بەسانایی وەربگیرێن.

٢. لە ئێستادا هەرێمی کوردستان نە لەسەر ئاستی حکومەت، نە لەسەر ئاستی کۆمەڵگە ستراتیژ و و پلانێکی گشتگیری بۆ ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ نییە.

٣. داتاکان نیشانی دەدەن کە هەرچەندە ڕێژەیەکی کەمی ئەوانەی لە ڕاپرسییەکەدا بەشدارییان کردووە پشتگیریی توندڕەویی توندوتیژ دەکەن، بەڵام ژمارەیەکی بەرچاو لە بەشداربووانی ڕاپرسییەکە پێیان وایە کە بەکارهێنانی توندوتیژی بۆ هێنانەکایەی گۆڕانکاریی سیاسی شتێکی ڕەوایە.

٤. زۆربەی بەشداربووانی توێژینەوەکە لە هەڵەبجە و گەرمیان و ڕاپەڕین بێکاری و گەندەڵی و نادادپەروەری بە پاڵنەرە بونیادییە سەرەکییەکان دەزانن کە دەبنە هۆی زیادکردنی پشتگیریی خەڵک لە توندڕەویی توندوتیژ.

٥. بەشداربووانی توێژینەوەکە ڕایان گەیاندووە خەڵک بەهۆی بیروباوەڕی ئایینیەوە ناچنە نێو گرووپە توندڕەوە توندوتیژەکانەوە، بەڵکو هۆکاری بنەڕەتی چوونەناو ئەو گرووپانە لە خراپیی حوکمڕانی و نەبوونی دەرفەتی ئابوورییەوە سەرچاوە دەگرن. ئەم دەرئەنجامە ئەوە دەردەخات کە پێویستە دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێم ئەو شێوازی کارکردنە بگۆڕن کە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ توندڕەویی توندوتیژ گرتوویانەتەبەر، هەروەها سەرچاوەی زیاتر تەرخان بکەن بۆ باشترکردنی حوکمڕانی و گەشەپێدان نەک بۆ بەرنامەکانی گفتوگۆی ئایینی یان دیالۆگی نێوان ئایینەکان.

٦. حکومەتی هەرێم ڕێوشوێن و بەرنامەی نوێی بۆ بەرەنگاربوونەوە و ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ خستووەتە ڕوو، بەڵام ئەم هەوڵانە لە چوارچێوەی سیاسەتێکی ڕوون و یەکگرتوودا ڕێک نەخراون. بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایانگەیاندووە کە نەبوونی هەماهەنگی بووەتە لەمپەرێک بۆ کارکردن لەسەر پرسی توندڕەویی توندوتیژ و دەستنیشانکردنی ئەوانەی دەکرێت ببنە پاڵنەر و هۆکاری دروستبوونی.

بە پشتبەستن بەم دەرئەنجامانە، توێژینەوەکە ئەم ڕاسپاردە سەرەکییانەی خوارەوە دەخاتە بەردەم حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەسەڵاتە ناوخۆییەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان.

١. پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانێکی کارکردن دابڕێژێت بۆ دەستخستنەسەر ئەو کێشە بنەڕەتییانەی کە دەکرێت ژینگەیەکی لەبار دروست بکەن بۆ سەرهەڵدانی توندڕەویی توندوتیژ. هەروەها پێویستە حکومەتی هەرێم ئەوە لەبەرچاو بگرێت کە دەکرێت ئەو ئاڵنگارییە هەنووکەییانەی بۆ کۆمەڵگە دروست بوون خۆڕاگریی دانیشتووان لە بەرانبەر پەیام و شێوازی کارکردن و خۆنمایشکردنەکانی ڕێکخراوە توندڕەوە توندوتیژەکان کەم بکەنەوە.

٢. بۆ داڕشتنی پلانێکی کارکردنی کاریگەر، پێویستە ڕاوێژی زیاتر لە نێوان دامەزراوە حکومییەکان و ڕێکخراوە ناوخۆییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بکرێت بۆ هەڵسەنگاندن و دانان بە پاڵنەرەکانی توندڕەویی توندوتیژدا. پێویستە پلانی کارکردنەکە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئاستەنگ و سەرچاوە هەنووکەییانە دابڕێژرێت، کە پێویستە لە کاتی پرۆسەی داڕشتنی ڕەشنووسەکاندا وەک کاری لەپێشینە هەژمار بکرێن.

٣. پێویستە توێژینەوەی زیاتر بکرێت بۆ دیاریکردنی ئەو فاکتەر و پاڵنەرانەی لە ناوچە جیاوازەکانی ناو هەرێمی کوردستاندا دەبنە هۆی سەرهەڵدانی توندڕەویی توندوتیژ و چۆنیەتی چارەسەرکردنیشیان بخرێتەڕوو.

٤. لە ئێستادا لەناو حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هیچ دامەزراوەیەکی حکومی ڕانەسپێردراوە بۆ سەرکردایەتیکردن و خاوەندارێتیکردنی هەوڵەکانی ڕێگرییکردن لە توندڕەویی توندوتیژ. لەبەرئەوە، ڕاسپاردنی دامەزراوەیەکی حکومی بۆ سەرپەرشتیکردن و سەرکردایەتیکردنی پرۆسەی داڕشتنی پلانێکی ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ کە تایبەت بێت بە هەرێمی کوردستان کارێکی زۆر پێویستە. پێویستە ئەم پلانە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمەوە پەسەند بکرێت و پشتڕاست بکرێتەوە؛ هەروەها پێویستە پرۆسەی پەرەپێدانی پلانی کارکردن بۆ ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ گشتگیر بێت و لەسەر ئاستێکی فراوان ڕاوێژکاریی نێوان لایەنە حکومی و ناحکومییەکانی تێدا بێت.

ئەم توێژینەوەیە بە پێشەکییەک دەست پێ دەکات، دواتریش چاوخشاندنێک بە مێژووی هەرێمی کوردستان لەگەڵ توندوتیژیدا دەخاتە ڕوو، لەمەشدا بەتایبەتی سەرنج دەخاتە سەر دوای ساڵی ٢٠٠٣، بەڵام باسێکی قۆناغی دوای ٢٠١٤ش لەخۆ دەگرێت- قۆناغێک کە تێیدا داینامیک و هەڕەشەی نوێی سەرهەڵدانی توندڕەویی توندوتیژ لە هەرێمەکەدا دەرکەوتن. دوای ئەو بەشە، چەند بەشێکی دیکە دێن کە ئەو دۆزینەوانە دەخەنەڕوو کە لە کاری ئەزموونییەوە بەدەست هاتوون، هەروەها ئەو پرس و پاڵنەرانەش دیاری دەکات کە دەکرێت بەشدار بن لە دروستکردنی ژینگەیەکی لەبار بۆ سەرهەڵدانی توندڕەویی توندوتیژ. لەکۆتاییدا، پێشنیازە سەرەکییەکان بۆ لایەنە پەیوەندیدارە جیاجیاکان دەخرێنەڕوو.



وێنە ٢: ئەنجام ڕەسول / ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ

## ٢. پێشەکی

سەرهەڵدانی دراماتیکیی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (لێرە بەدواوە ‹داعش›) لە ساڵی ٢٠١٤دا، سەدان گەنجی لە ناوچەکە و تەنانەت لە سەرانسەری جیهانیشەوە بەلای خۆیدا ڕاکێشا، لەنێویشیاندا گەنجە کوردەکانی هەرێم. نزیکەی ٥٣٠ کورد لە هەرێمی کوردستان پەیوەندییان بە داعشەوە کرد، زۆرینەیان (٣٠٠- ٣٣٠ کەس) لەنێوان ساڵانی ٢٠١٤ تا ٢٠١٧ لە سووریا و عێراقدا کوژران، لەکاتێکدا نزیکەی ١٥٠ کەسیان گەڕاونەتەوە و خۆیان ڕادەستی دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان کردووەتەوە.[١] تا ئەمڕۆش داعش بەردەوامە لە کردنە ئامانجی گەنجانی کورد بۆ ڕاکێشانیان بۆنێو ڕیزەکانی خۆی. لەم دواییانەدا، هێزە ئەمنییەکانی سلێمانی دەستگیرکردنی ١٧ گومانلێکراوی ئەو گرووپەیان ڕاگەیاند کە «دانیان ناوە» بە پلانەکانیاندا بۆ تیرۆرکردنی کەسایەتییە ئایینیە دیارەکان و فەرماندەکانی پێشمەرگە.[٢] داعش درێژە بە پڕوپاگەندەکانی بە زمانی کوردی دەدات و هەوڵی ڕاکێشانی گەنجانی کورد بۆناو ڕیزەکانی دەدات.

مەترسی و دۆخ و پاڵنەرەکانی توندڕەویی توندوتیژ بەپێی کۆمەڵگە و ناوچەکان دەگۆڕێن؛ لەبەرئەوە، پێویستە هەریەکەیان بەپێی دۆخ/کۆنتێکستە ناوخۆییەکانیان هەڵبسەنگێندرێن. لەم ساڵانەی دواییدا هەرێمی کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر جەمسەرگیری تێدا دروست بووە،[٣] جەمسەرگیرییەک کە بەهۆی بەرزبوونەوەی ناڕەزاییی گەنجان و بێهیواییان لە دەسەڵاتدارانەوە سەرچاوەی گرتووە. خەریکە ناسنامەیەکی نوێ لەناو زۆرێک لە گەنجانی کورددا دروست دەبێت کە تێیدا چینی سیاسی وەک «ئەوی تر» تەماشا دەکرێت.[٤] لەم چوارچێوەیەدا، مەترسیدارترین جۆری جەمسەرگیری کە پەیوەندیی بە ڕادیکاڵبوون و توندڕەویی توندوتیژەوە هەبێت بریتیە لە دابەشبوونی کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان بۆ دوو بەرەی دژبەیەک ئەوانیش «بەرەی خەڵک» و «بەرەی دەسەڵات»ن. ئەم دابەشبوونە کۆمەڵایەتییە فراوانە هێشتا لەو ئەدەبیاتەدا کە لەسەر ئەم بابەتە بەردەستە بەتەواوی نەکراوتە چەمک و شیکار نەکراوە. کێشەی جەمسەرگیری تەنیا لە هەرێمی کوردستاندا نییە، بەڵکو کێشەیەکی ناوچەییی بڵاوە. لە کۆمەڵگەیەکی جەمسەرگیردا، تاکەکان زیاتر ئەگەری ئەوەیان هەیە بە شێوەیەکی دژانە هەڵسوکەوت بکەن و لەئەنجامی ئەمەشدا دواتر ڕابکێشرێن بۆ چوونەناو گرووپ و کردار توندوتیژانە.[٥]

ئەم توێژینەوەیە ئامانجیەتی ئەو پاڵنەرانە دەستنیشان بکات کە دەکرێت ببنە هۆی زیادکردنی پشتگیری لە توندڕەویی توندوتیژ، هەروەها کۆمەڵێک پێشنیازی بەڵگەدار بۆ دەستنیشانکردنی پاڵنەرە ئەگەرییەکانی توندڕەویی توندوتیژ بخاتەڕوو. بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە، توێژینەوەکە پشت بە کارێکی مەیدانیی گشتگیر دەبەستێت کە لە سێ شوێنی جیاوازدا ئەنجام دراوە: پارێزگاری هەڵەبجە،[٦] ئیدارەی ڕاپەڕین[٧] و ئیدارەی گەرمیان.[٨] زانیاری و لێکۆڵینەوە بەردەستەکان لەسەر توندڕەوی و ڕادیکاڵبوون لە هەرێمی کوردستاندا سنووردارن– بە تایبەتی توێژینەوەیەک کە بەپشتبەستن بە میتۆدی تۆکمەی توێژینەوە ئەنجام درابێت. زۆربەی ئەو ئەدەبیاتە بەردەستەی لە عێراقدا لەسەر توندڕەویی توندوتیژ بەرهەم هێنراوە، هەرێمی کوردستان و داینامیکەکانی لەخۆیدا جێ نەکردووەتەوە. سەرەڕای ئەمانەش، لەناو زانکۆ و ناوەندەکانی توێژینەوەدا لە کوردستان، بەدەگمەن لێکۆڵینەوە لەسەر توندڕەویی توندوتیژ دەست دەکەوێت. ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات لەڕێی پێشکەشکردنی بەڵگەی ئەزموونیی نوێوە ئەو بۆشاییانە پڕ بکاتەوە.

هەرچەندە کوردستان دوو دەیە ئەزموونی لە بەرەنگاربوونەوەی گرووپە تیرۆریستی و توندڕەوەکاندا هەیە، بەڵام هێشتا حکومەت پێناسەیەکی ڕوونی بۆ توندڕەوی، ڕادیکاڵبوون یان توندڕەویی توندوتیژ نەخستووەتەڕوو. لە هەرێمی کوردستاندا، هەم دەسەڵاتداران و هەم خەڵکیش بەتەواوی لە ڕوانگەیەکی ئایینییەوە پێناسەی توندڕەوی دەکەن. دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخەنە سەر ژینگەیەک کە دەشێت لە کوردستاندا لەبار بێت بۆ سەرهەڵدانی توندڕەویی توندوتیژ، ئاماژەش بە هەبوونی ترسێکی بنەمادار دەکەن ئەویش ئەوەیە زیادبوونی جەمسەرگیری، هەستی دژەدەسەڵات و ناڕەزایەتیی گەنجان پێکەوە مەترسیی سەرهەڵدانی توندڕەویی توندوتیژ زیاد دەکەن. لە ساڵی ٢٠١٤ەوە، حکومەتی

---

١ Kamaran Palani, 'Youth Radicalization in Kurdistan: The Government Response', In *Youth Identity, Politics and Change in Contemporary Kurdistan* (Transnational Press London, 2021), p.p. 227, 223–237.

٢ ڕووداو. هێزە ئەمنییەکانی سلێمانی ١٧ گومانلێکراوی داعشیان دەستگیر کرد. بەردەستە لەسەر:

https://www.rudaw.net/english/kurdistan/23082022

٣ دەکرێت جەمسەرگیری لەنێوان زیاتر لە دوو گرووپدا بێت. مەبەست لە جەمسەرگیری ئەو پرۆسەیەیە کە لەڕێیەوە پەیوەندییە ئاڵۆزە کۆمەڵایەتییەکان لە چوارچێوەی "ڕەش و سپی"دا دەخرێنەڕوو و تێگەیشتنیان بۆ دەکرێت. بڕوانە:

McNeil-Willson, Richard, Vivian Gerrand, Francesca Scrinzi, and Anna Triandafyllidou. Polarisation, Violent Extremism and Resilience in Europe Today: An Analytical Framework (BRaVE Project, 2019), p. 5.

٤ Kamaran Palani, *Youthful Anger and the Crisis of Legitimacy in Iraqi Kurdistan*. Available from: https://research.sharqforum.org/2021/01/06/iraqi-kurdistan/.

٥ McNeil-Willson, et al., *Polarisation*, p. 8.

٦ هەڵەبجە چوارەم پارێزگایە لە هەرێمی کوردستاندا و دانیشتوانەکەی بەنزیکەیی ١٢٠٠٠٠ کەسە.

٧ ڕاپەڕین ئیدارەیەکی سەربەخۆیە و سەر بە پارێزگای سلێمانییە. ژمارەی دانیشتووانەکەی بە ٤٠٠٠٠٠ کەس دەخەمڵێندرێت.

٨ گەرمیان ئیدارەیەکی سەربەخۆیە و سەر بە پارێزگاری سلێمانییە. دانیشتووانەکەی ٥٠٠٠٠٠ کەسە. ئیدارەکە پێک دێت لە قەزاکانی کەلار، کفری و چەمچەماڵ. کەلار سەنتەری ئیدارەکەیە.

هەرێمی کوردستان بە قەیرانی دارایی و ڕکابەریی سیاسیی ناوخۆیی تێدەپەڕێت.[٩] سەرەڕای ئەوەش، تێڕوانینێک لای دەسەڵاتداران هەیە کە پێی وایە وابەستەیی خەڵک بە کوردایەتی و تێگەیشتن لە ئایین و جێبەجێکردنێکی فراوانی ئایین لەناو کورددا- کە تێگەیشتنێکە لەڕووی مێژووییەوە زیاتر تێگەیشتنێکی ڕووحییە نەک بەسیاسیکراو- دوو هۆکاری سەرەکین کە خۆڕاگری لە بەرانبەر توندڕەوی و بەتایبەتی توندڕەویی توندوتیژیی ئایینی دروست دەکەن.[١٠] هەرچەندە ئەم تێڕوانینانە تارادەیەکی زۆر تێڕوانینی هەردوو لایەنە پەیوەندیدارە حکومی و ناحکومییەکانیشن، بەڵام لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییە ئاماژە بە کەمبوونەوەی هەستی خۆبەکوردستانی-زانین لەنێو گەنجانی کورددا دەکەن، هەر لەبەرئەوەشە وا خەریکە ئەو فاکتەرە دەپووکێتەوە کە لە سەردەمێکدا ڕێگرێکی بەهێز بووە لەبەردەم دروستبوونی توندڕەویی توندوتیژیی ئایینیدا.

## ١.٢ بۆشاییەکانی زانیاری

زانیاری و شیکاریی ڕۆژنامەوانیی بەردەست لەسەر داینامیک،پاڵنەر و بارودۆخی ڕادیکاڵبوونی گەنجان و توندڕەویی توندوتیژ لە هەرێمی کوردستاندا سنووردار و پارچەپارچەن. لەگەڵ بەرزبوونەوەی مەترسییەکانی داعش لە ساڵی ٢٠١٤دا، گرنگیدان بەم بابەتە لەنێو هەندێک لە ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان لە هەرێمی کوردستاندا زیادی کرد.

توێژینەوەیەکی ئەم دواییەی پەیمانگای توێژینەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (مێری) بە ناونیشانی «توندڕەویی توندوتیژ لە موسڵ و هەرێمی کوردستاندا: چوارچێوە، پاڵنەرەکان و تێڕوانینی گشتی» شیکارییەکی بەراوردکاری دەکات بۆ تێگەیشتن لەو تێڕوانینە گشتییەی لە موسڵ و هەرێمی کوردستاندا لەسەر هەبوون و پاڵنەرەکانی توندڕەویی توندوتیژ هەیە. توێژینەوەکە بەسوودە چونکە باسی حاڵەتەکانی ڕوودان و ڕوونەدانی توندڕەویی توندوتیژ دەکات و باس لەوە دەکات کە توندڕەویی توندوتیژ پێویستە لە چوارچێوەی قەیرانە فراوانە ئەمنی و حوکمڕانی و شووناسییەکاندا شرۆڤە بکرێت، هەروەها لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆیی لەچوارچێوەی پارێزگاکاندا و لەسەر ئاستی نیشتمانی لە عێراقدا.[١١]

سەنتەری توێژینەوە سیاسی و ستراتیژییەکان-ی زانکۆی سەڵاحەدین توێژینەوەیەکی لەسەر توندڕەویی توندوتیژ لە عێراق ئەنجام دا وەک بەشێک لە پڕۆژەیەکی توێژینەوەی فراوانتر بەناونیشانی «تاقیکردنەوەی گونجاویی بەکارهێنانی ڕێبازی ئاساییشی مرۆیی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندڕەویی توندوتیژ لە فەلەستین و میسر و عێراقدا».[١٢] لەکاتێکدا توێژینەوەکە دیدێکی بەسوود لەسەر چوارچێوەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی توندڕەویی توندوتیژ لە عێراقدا دەخاتەڕوو، بەڵام کێشەیەکی سەرەکیی توێژینەوەکە ئەوەیە کە ڕەگ و ڕیشەی لە گریمانە/پرسیارێکدا داکوتاوە کە هیچ گرنگییەکی تایبەت نادات بە داینامیک و پرۆسەی توندڕەویی توندوتیژ و ڕادیکاڵبوون لە هەرێمی کوردستان. توێژینەوەیەک، کە لە ساڵی ٢٠٢٠دا لەلایەن ڕێکخراوێکی ناحکومیی ناوخۆییەوە بە ناوی «ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی» ئەنجام دراوە، کۆڵیویەتەوە لە هۆکارەکانی توندڕەویی توندوتیژ و ستراتیژەکانی ڕێگریکردن لە سەرهەڵدانی. توێژینەوەکە بە میتۆدی شیکاریی چۆنایەتی، کە چاوپێکەوتن و شیکارکردنی بەڵگەنامەکانی تێدا بەکار هاتووە، ئەنجام دراوە. دۆزینەوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە کۆمەڵێک هۆکار و بابەتی زۆر دەخەنەڕوو کە ڕۆڵیان لە دروستبوونی توندڕەویی توندوتیژدا هەیە، لەوانە حوکمڕانیی خراپ، ئیسلامی سیاسیی توندڕەو، نەبوون (یان لاوازیی) دید و شێوازی کارکردنی جێگرەوە، خراپیی بارودۆخی زیندانەکان و سیستەمی لاوازی پەروەردە لە هەرێمی کوردستاندا.[١٣] سەرەڕای ئەمانەش، توێژینەوەکە لەو گفتوگۆ و شیکردنەوانەدا کە لەسەر ڕادیکاڵبوون و توندڕەویی توندوتیژ لە کوردستاندا دەیانخاتەڕوو، پرسی بارودۆخ و نیگەرانییەکانی گەنجانی پشتگوێ خستووە.

لێکۆڵینەوەکەی عادل باخەوان نەخشەیەکی باشی ئەو گۆڕان و گۆڕانکارییە گەورانە دەخاتە ڕوو کە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە لە بزووتنەوە توندڕەوە ئایینییە کوردییەکاندا ڕوویان داوە. لێکۆڵینەوەکە بەو ئەنجامە گەیشتووە کە بە پێچەوانەی نەوە توندڕەوە ئایینییەکانی پێشووەوە، نەوەی ئەم دواییەی جیهادییەکان شارەزاییان لە زمانی عەرەبیدا سنووردارە و ئەوەی جێگای سەرنجە، پەیوەندییەکی سنووردار (یان هیچ پەیوەندییەکیان) بە حزبە ئیسلامییە کوردییەکانیئێستاوە نییە. عادل باخەوان بۆی دەرکەوتووە لە نێوان ٢٥٧ پرۆفایلی دەستنیشانکراودا، ٪٢٧یان بێکار بوون، ٪٤١یان کرێکاری ڕۆژانە بوون، ٪٢٥یان خوێندکار بوون و تەنها ٪٧یان فەرمانبەری حکومەت بوون. توێژینەوەکە ئەوەشی خستووەتەڕوو کە ٪٧٥ی ئەو کەسانە لەنێوان تەمەنی ١٤-٢٩ ساڵدا بوون.[١٤] بەڵام توێژینەوەکە میتۆد و شیکارییەکی متمانەپێکراو و بەهێزی نییە بۆ دەستنیشانکردنی هۆکارە بنەڕەتییەکان و پاڵنەرەکانی توندڕەویی توندوتیژ لە دەرەوەی توندڕەویی ئایینی. سەرەڕای ئەمانەش، ئەو میتۆدی توێژینەوەیەی باخەوان بەکاری هێناوە بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان لەسەر ئەندامانی داعش، هەروەها شێوازی شیکارکردنی داتاکانیشی ڕوون نین.

ئەلێکساندەر مێلیگرۆ-هیچنس و ڕەنج عەلائەدین لە ساڵی ٢٠١٦دا شیکارییەکیان بۆ ئەو سیاسەتە کرد کە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم دۆزە پەیڕەو دەکرێت و ناویان نا «کوردانی ناو داعش: بۆچی هەندێک

٩ Erik Skare, Ahmad Mhidi, Georges Fahmi, Nouran Ahmed, Myriam Ababsa, Olivier Roy and Dlawer Ala'Aldeen, *Preventing Violent Extremism, the Middle East: Policy Brief Summarizing Lessons Learnt on the EU's Measures to Prevent Violent Extremism in the Region*, (2017), p. 13.

١٠ Palani, *Youth Radicalization*, p. 230.

١١ Dlawer Ala'Aldeen, Kamaran Palani, and Khogir Wirya, *Violent Extremism in Mosul and the Kurdistan Region*, (The Middle East Research Institute, 2022).

١٢ Omar Sheira, Rabha Allam, and Ziad Akl, *Testing the feasibility of a human security approach to combat violent extremism in Palestine, Egypt, and Iraq*, (2019). Available from: www.humansecurity2cve.org/wp-content/uploads/2020/02/NWO-WOTRO_CVE-final-report.pdf

١٣ Sanger Yousif and Abdulsamih Muhammad. *Violent extremism: Factors and approaches to prevention in the Kurdistan Region-Iraq*. (Peace and Freedom Organization, 2020).

١٤ Adel Bakawan, *Three Generations of Jihadism in Iraqi Kurdistan*. Available from: www.ifri.org/sites/default/files/atoms/files/bakawan_jihadism_iraqi_kurdistan_2017.pdf

لە کوردەکان دەچنە ناو ئەو گرووپە تیرۆریستییەوە؟» لێکۆڵینەوەکە، لە چوارچێوەیەکی مێژوویی بەرفراوانی ئەو گرووپە جیهادییە کوردییانەدا کە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە سەریان هەڵدا، مامەڵە لەگەڵ دیاردەی کوردانی ناو داعش دەکات. توێژینەوەکە چاوپێکەوتنی لەگەڵ بەرپرسانی ئەمنیی کورد و فەرماندەکانی پێشمەرگە و ئەفسەرانی هەواڵگری و ئەو زیندانیە کوردانەی لەپێشوودا پەیوەندییان بە داعشەوە کردووە بەکار هێناوە. مێلیاگرو هیچنس و عەلائەلدین بۆیان دەرکەوتووە کە پارتە ئیسلامییەکانی ئێستا ڕۆڵیان نەبووە لە ڕادیکاڵکردنی گەنجانی کورد، هەروەها ڕۆڵێکی چالاکیشیان نەبووە لە بڕیاری ئەو گەنجانەدا بۆ چوونەناو داعش. لەبری ئەوە، نووسەرانی توێژینەوەکە تیشکیان خستووتە سەر ئینتەرنێت و وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ ڕادیکاڵبوون و ڕاکێشانی گەنجان بۆناو ئەو گرووپە تیرۆریستییە ناویان بردووە.[١٥]

ئەو توێژینەوانەی لەسەرەوە باس کران دوو کێشە/سنووردارییی بنەڕەتییان تێدایە. یەکەم: میتۆدێکی بەهێزی کۆکردنەوەی زانیاری و شیکردنەوەی داتایان تێدا بەکار نەهاتووە. هەر لە بابەتی میتۆددا، توێژینەوەکان ناوچە لاوازەکانی ناو هەرێمی کوردستانیان دەستنیشان نەکردووە یان لێکۆڵینەوەیان لەسەر نەکردوون. دووەم: توێژینەوەکان سەرنجیان لەسەر ئەوە نییە کە چۆن لەوانەیە ئەو بێزاری و نائومێدییە پەرەسەندووەی خەڵکی ببێتە هۆی خراپترکردنی فاکتەرەکانی توندڕەویی توندوتیژ و دواجار گەنجان بگەنە ئەو بڕوایەی دەست بدەنە توندڕەویی توندوتیژ. توێژینەوەکان ڕوونیشی ناکەنەوە دەبێ چی بکرێت بۆ چارەسەرکردنی پرسە بنەڕەتییەکان.


وێنە ٣: ئەنجام ڕەسوڵ / ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ

## ٢.٢ چوارچێوەی شیکاری

ئەو زاراوانەی بۆ توندڕەویی توندوتیژ بەکار دەهێنرێن سەرلێتێکدەر و کێشەدارن. لە (پلانی کارکردنی ساڵی ٢٠١٥ی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ)دا هاتووە کە توندڕەویی توندوتیژ «دیاردەیەکی هەمەچەشنە، بەبێ پێناسەیەکی ڕوون. نە تازەیە و نە تایبەتە بە هیچ ناوچە، نەتەوە یان سیستەمێکی بیروباوەڕیی دیاریکراوەوە.»[١٦] ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ بەم شێوەیە پێناسەی توندڕەویی توندوتیژ دەکات: «دیاردەیەکە ئامانج لێی پێشخستنی ئەجێندایەکی ئایدیۆلۆژیی دیاریکراوە لە ڕێگەی داکۆکیکردن لە، ئەنجامدان، یان پشتگیریکردنی کردەی توندوتیژی، بەتایبەتییش لەسەر بنەمای باڵادەستیی ڕەگەزی، ئایینی، یان نەتەوەیی یان دژایەتیکردنی بنەما دیموکراسییەکان. تایبەت نییە بە هیچ ئایین و نەتەوە و ئایدۆلۆژیا و گرووپێکی دیاریکراوەوە.»[١٧] ئەمە لەکاتێکدا کە هیچ پێناسەیەکی گشتگیر کە هەموو لەسەری کۆک بن بۆ )ڕادیکاڵکردنRadicalization ) نییە، بەڵام ئەم زاراوەیە ئاماژەیە بۆ ئەو پرۆسەیەی لەڕێیەوە تاکەکەسێک یان کۆمەڵێک کەس وردەوردە دەگەنە ئەو بڕوایەی کۆمەڵە باوەڕێکی توندڕەوانە دەتوانن کاریگەری لەسەر گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی دروست بکەن ئەویش لەڕێی بەکارهێنانی ئەو کارە نادیموکراسییانەی دەکرێت ببنە هۆی دروستبوونی توندوتیژی.[١٨]

بۆ جیاکردنەوەی ئەو هەوڵانەی بۆ ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ دەدرێن لە هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و بەرەنگاربوونەوەی توندڕەویی توندوتیژ، دەکرێت بڵێین بەرەنگاربوونەوەی توندڕەویی توندوتیژ و ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ ڕێبازی جیاواز بەکاردەهێنن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پاڵنەرەکانی توندڕەویی توندوتیژ. ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ پشت بە (ڕێبازی تەواوی کۆمەڵگە) دەبەستێت و هەموو دامەزراوە و ڕێکخراو و دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە کۆ دەکاتەوە. ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ، ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ وەک کۆمەڵێک ڕێوشوێنی نازۆرەملێ پێناسە دەکات کە دەگیرێنەبەر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ فاکتەرەکانی توندڕەویی توندوتیژ و دروستکردنی خۆڕاگری لەناو گرووپ و دانیشتووانە لاواز و بەرشکستەکاندا، هەروەها بۆ ڕێگریکردن لە ڕۆیشتن بەرەو توندڕەویی توندوتیژ یان جێبەجێکردنی بەکرداری. بەرەنگاربوونەوەی توندڕەویی توندوتیژ فۆرمێکی نازۆرەملێیە لە بەرنامەسازی، بۆ نموونە پەیامی میدیایی، گفتوگۆی نێوان ئایین و بیروباوەڕەکان و دامەزراوەکانی حوکمڕانی و لایەنە ئەمنییەکانی دەوڵەت لەخۆ دەگرێت.[١٩] بەرەنگاربوونەوەی توندڕەویی توندوتیژ ڕێبازێکی نەرم دەگرێتەبەر بۆ ڕازیکردنی تاکەکان یان گرووپەکان بۆ ئەوەی بەرەو توندوتیژی هەنگاو نەنێن، کار دەکات بۆ سنووردارکردنی دەستڕاگەیشتنی خەڵک

١٥ Alexander Meleagrou-Hitchens and Ranj Alaaldin, *The Kurds of ISIS: Why Some Join the Terrorist Group*,8 August, 2016. Available from: www.foreignaffairs.com/articles/syria/2016-08-08/kurds-isis.

١٦ United Nations General Assembly. Plan of Action to Prevent Violent Extremism: Report of the Secretary General,A/70/674, 24 December 2015.

١٧ IOM [International Organization for Migration]. IOM Preventing Violent Extremism, Department of Operations and Emergency, Transition and Recovery Division (2020).

١٨ EU [European Union], The contribution of youth work to preventing marginalisation and radicalisation potentially resulting in violent behaviour, (Publications Office of the European Union, Luxembourg, 2017), p. 12.

١٩ James Khalil and Martine Zeuthen, *Countering Violent Extremism and Risk Reduction: A Guide to Programme Design and Evaluation* (Whitehall Report, 2016), p. 2.

بە گرووپە توندڕەوەکان و کەمکردنەوەی بەشداریکردن و پشتیوانیی خەڵک بۆ ئایدۆلۆژیایەکی تیرۆریستی کە دەیەوێت تیرۆر و توندوتیژی بەکار بهێنێت بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکانی.

سەبارەت بە پاڵنەرەکانی توندڕەویی توندوتیژ، ئەم توێژینەوەیە چوارچێوەیەکی شیکاری پەیڕەو دەکات کە لەلایەن (پەیمانگەی ڕۆیاڵ یونایتد بۆ خزمەتگوزارییەکان Royal United Services Institute)ـەوە دروست کراوە و جیاوازیی دەکات لە نێوان پاڵنەرە بونیادییەکان، هاندەرە تاکەکەسییەکان و فاکتەرە ڕێخۆشکەرەکان.

**پاڵنەرە بونیادییەکان** سەرکوتکردن، گەندەڵی، حوکمڕانیی خراپ، بێکاری و نەبوونی دەرفەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی، نایەکسانی، جیاکاری و پەراوێزخستن، مێژووی دوژمنایەتیی نێوان گرووپە شووناسییەکان شانبەشانی ململانێی درێژخایەن و چارەسەرنەکراوی نێوانیان، پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و سەروەریی یاسا، دەستێوەردانی دەوڵەتە دەرەکییەکان لە کاروباری گەلانی تردا و هتد.

**هاندەرە کەسییەکان** بریتین لە هەستکردن بە هەبوونی ئامانجێک (کە لەڕێی مامەڵەکردن لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژییە وەرگیراوەکانەوە دروست دەبێت)، سەرکێشی، ئینتیما، قبوڵکردن، پێگە، هاندانی مادی، ترس لە کاردانەوەی دواتری لایەنە توندڕەوە توندوتیژەکان، پاداشتی چاوەڕوانکراو لە ژیانی دوای مردندا و هتد.

**فاکتەرە ڕێخۆشکەرەکان** ئەمانە دەگرنەوە: بوونی مامۆستا و ڕابەری توندڕەو (بۆ نموونە سەرکردە ئایینییەکان و تاکەکانی ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بێگومان هیی دیکەش هەن)، دەستڕاگەیشتن بە کۆمەڵە و گرووپە ئۆنلاینە توندڕەوەکان، هەبوونی تۆڕی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کۆمەڵە توندڕەوە توندوتیژەکان، دەستڕاگەیشتن بە چەک یان شتی دیکەی لەو جۆرە، کەمتەرخەمیی دەوڵەت، نەبوونی پشتیوانیی خێزانی و هتد.[٢٠]



وێنە ٤: ئەنجام ڕەسول / ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ

٢٠ هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٩.

## ٣.٢ میتۆدی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە میتۆدێکی توێژینەوەی تێکەڵاو بەکار دەهێنێت، کە ٤٩ چاوپێکەوتن و ١٠ گرووپی گفتوگۆی ورد لەخۆ دەگرێت، هەروەها لەگەڵ خستنەڕووی داتای چەندایەتی کە لەڕێی ڕاپرسییەکەوە، کە لەگەڵ ٤١٩ کەسدا کراوە، کۆ کراونەتەوە. میتۆدی تێکەڵاو بەسوودە بۆ تێگەیشتن لە ئاڵۆزییەکان و ڕەهەندەکانی توندڕەویی توندوتیژ لە شوێنە جیاوازەکاندا. لە هەڵەبجە و گەرمیان و ڕاپەڕین کاری مەیدانی ئەنجام درا. دەستنیشانکردنی ئەم ناوچانە لە ئەنجامی ڕاوێژەوە بوو لەگەڵ دەسەڵاتە ناوخۆیی و نیشتمانییەکان، هەروەها تەماشاکردنی ئەو لێکۆڵینەوانەی لەبەردەستدا بوون لەسەر ئەو ناوچانەی کە دەشێت ئاسانتر توندڕەویی توندوتیژ تێیاندا گەشە بکات. بۆ ئەنجامدانی کاری مەیدانی و کۆکردنەوەی زانیارییەکان لەم ناوچانەدا، شەش کارمەندی ئامار و یاریدەدەرێکی توێژەر دەستنیشان کران. تیمەکە لەلایەن توێژەرانی باڵای ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ-وە لەسەر ڕێکارە ئەخلاقییەکانی توێژینەوە، ئەنجامدانی چاوپێکەوتن، ڕاپرسی و بەڕێوەبردنی گرووپەکانی گفتوگۆی ورد، و بەڕێوەبردنی داتاکان ڕاهێنانیان پێ کرابوو. پرسیارەکانی ڕاپرسییەکە، چاوپێکەوتنەکان و گرووپەکانی گفتوگۆی ورد بە ڕاوێژ لەگەڵ تیمێکی توێژینەوە ئامادە کرابوون و کە لە توێژەرانی ئەو ناوچانە پێک هاتبوو کە کرابوونەوە ئامانجی توێژینەوەکە. ئەم هەنگاوە یارمەتیی داین بۆ ئەوەی ئەو پرسیارانە بخەینە توێژینەوەکەوە کە گونجاو و هاوتەریب بوون لەگەڵ چوارچێوەی ئەو کۆمەڵگەیانەی توێژینەوەکەیان تێدا ئەنجام دەدرێت. سێ ئەندامی تیمەکە ژن بوون، ئەمەش ڕۆڵی هەبوو لە ڕەخساندنی دەرفەت بۆ ژنان بۆ بەشداریکردنێکی گونجاو لە کارە مەیدانییەکاندا.

### ١.٣.٢ چاوپێکەوتنەکان

لە ماوەی مانگەکانی تەموز و ئاب و ئەیلوولی ساڵی ٢٠٢٢دا، لە هەڵەبجە و ڕاپەڕین و گەرمیان ٤٩ چاوپێکەوتن لەگەڵ نوێنەری حکومەتە خۆجێیەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئەکادیمیست و توێژەران، مامۆستایان، چالاکوانانی بواری گەنجان و ژنان ئەنجام دران. ئێمە هەم چاوپێکەوتنی بێبونیاد و هەم چاوپێکەوتنی نیمچەبونیادیمان ئەنجام دا. چاوپێکەوتنی بێبونیاد بوار دەدات لێکۆڵینەوە لە پرسە نوێیەکان بکرێت و تێگەیشتنێکی قووڵتر لە بابەتەکە بەدەست بێت. ئەمەش ڕێی پێداین لە قۆناغی دووەمی کۆکردنەوەی داتاکاندا پرسیارەکان دروست بکەین. چاوپێکەوتنەکان ڕووبەڕوو بوون بە زمانی کوردی کران. هەر چاوپێکەوتنێک لە ٤٠ بۆ ٩٠ خولەکی خایاند و بەهۆی هەستیاریی بابەتەکەشەوە، ناسنامەی ئەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە بە نهێنی دەهێڵینەوە.

### ٢.٣.٢ گرووپی گفتوگۆی ورد

لە مانگی ئاب و تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٢٢دا، لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارە ناوخۆیی و نیشتمانییە جیاجیاکان لە هەولێر و هەڵەبجە و گەرمیان و ڕاپەڕین ١٠ دانیشتنی گرووپی گفتوگۆی وردمان ئەنجام دا. ٥ گرووپیان لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتە خۆجێییەکان و ٤ گرووپیان لەگەڵ نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی ناوخۆییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

و یەک گرووپیان بە بەشدارییەکی فراوانتری لایەنی ناو حکومەتی هەرێمی کوردستان. ئەم گرووپی گفتوگۆیانە یارمەتییان داین شیکارییەکی قووڵتر، متمانەپێکراو و وردتر بۆ توندڕەویی توندوتیژ لە هەرێمی کوردستاندا بکەین. سەرەڕای ئەمانەش، لە ٢٢ی ئابی ساڵی ٢٠٢٢دا، دانیشتنێکی ڕاوێژکاریمان بۆ ٢١ نوێنەری باڵای حکومەتی هەرێم و سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان و دامودەزگا حکومییەکانی دیکە لە هەولێر ڕێک خست. دەرئەنجامە بەراییەکانی ئەم توێژینەوەیە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان خراوەتەڕوو و لەلایەن ئەوانیشەوە جەختیان لێ کراوەتەوە. ناسنامەی بەشداربووانی ناو گرووپەکانی گفتوگۆ وردەکان بە نهێنی دەهێڵرێتەوە.

### ٣.٣.٢ ڕاپرسی

بۆ پشتگیریکردن لە توێژینەوەکە، ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ ڕاپرسییەکی دارشت بۆ ئەوەی ڕۆشنایی بخاتە سەر ئەو مەیل و مەترسییانەی لەناو خەڵکدا پەیوەست بە پشتگیریکردن یان بەشداریکردن لە توندڕەویی توندوتیژدا هەن. ڕاپرسییەکە زۆر گرنگ بوو بۆ هێنانەکایەی تێگەیشتنێکی باش لە بەرنامە و پلانە پەیوەندیدارەکانی تایبەت بە ڕێگریکردن و خۆپاراستن لە توندڕەویی توندوتیژ.[٢١] ڕاپرسییەکە لە مانگەکانی تەموز و ئابی ساڵی ٢٠٢٢دا لەگەڵ ٤١٩ کەس لە هەڵەبجە و گەرمیان و ڕاپەڕین ئەنجام دراوە (خشتەی ١). ڕاپرسییەکە ڕووبەڕوو کراوە و تێیدا هەر چاوپێکەوتنێک ١٠-١٥ خولەکی خایاندووە.



وێنە ٥: ئەنجام رەسول / ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ

٢١ Matthew Nanes and Bryony Lau, Surveys and Countering Violent Extremism: A Practitioner Guide (2018), p. 8.

| پرسیارەکان | بژاردەکان | ئەنجامەکان |
| --- | --- | --- |
| تێکڕای ژمارەی بەشداربووان = ٤١٩ | | |
| 1. ڕەگەز | • مێ | ٤٤٪ یان ١٨٦ |
| | • نێر | ٥٦٪ یان ٢٣٣ |
| 2. تەمەن | • ١٨-٢٥ | ٢٧٪ یان ١١٤ |
| | • ٢٥-٣٩ | ٤٧٪ یان ١٩٦ |
| | • ٤٠-٦٠ | ٢٦٪ یان ١٠٩ |
| 3. لە کوێ دەژیت؟ | • شار | ٦٠٪ یان ٢٥١ |
| | • قەزا | ٣٣٪ یان ١٤٠ |
| | • گوند | ٧٪ یان ٢٨ |
| تکایە شوێنەکە دیاریی بکە | • چەمچەماڵ | ١٤٪ یان ٦٠ |
| | • هەڵەبجە | ٣٠٪ یان ١٢٤ |
| | • کەلار | ١٦٪ یان ٦٧ |
| | • ڕانیە | ٣٥٪ یان ١٤٦ |
| | • (بۆشایی) | ٥٪ یان ٢٢ |
| 4. ئایین | • کاکەیی | ٣٪ یان ١١ |
| | • ئیسلامی شیعە | ٠٪ یان ١ |
| | • ئیسلامی سونە | ٩٦٪ یان ٤٠٢ |
| | • زەردەشتی | ٠٪ یان ١ |
| | • نامەوێت بیڵێم | ١٪ یان ٤ |
| 5. سەر بە کام نەتەوەیت؟ | • کورد | ١٠٠٪ یان ٤١٨ |
| | • عەرەب | ٠٪ یان ١ |

| | | |
|---|---|---|
| .6 باری داراییت چۆنە؟ | • زۆر بەرزە | ٠٪ یان ٢ |
| | • بەرزە | ٦٪ یان ٢٦ |
| | • مامناوەندە | ٧٤٪ یان ٣٠٤ |
| | • نزمە | ١٧٪ یان ٧٣ |
| | • زۆر نزمە | ٣٪ یان ١٤ |
| .7 باری پیشەیی ئێستات چییە؟ | • دامەزراوم بە دەوامی تەواو | ٢٢٪ یان ٩٣ |
| | • دامەزراوم بە نیو دەوام | ٤٠٪ یان ١٦٧ |
| | • بێکار/خانەنشینم | ٢٦٪ یان ١٠٩ |
| | • بارێکی دیکەیە | ٩٪ یان ٣٧ |
| | • پێم باشە وەڵام نەدەمەوە | ٣٪ ١٣ |
| .8 بەرزترین بڕوانامە یان ئاستی خوێندن کە تەواوت کردووە چییە؟ | • بەکالۆریۆس | ٣٦٪ یان ١٥١ |
| | • دبلۆم | ٢٢٪ یان ٩١ |
| | • ئامادەیی | ١٩٪ یان ٨٣ |
| | • ماستەر یان بەرزتر | ٥٪ یان ٢١ |
| | • نەمخوێندووە | ٢٪ یان ٩ |
| | • پێم باشترە نەیڵێم | ١٪ یان ٣ |
| | • سەرەتایی | ١٥٪ یان ٦١ |

ئەنجامەکانی ڕاپرسییەکە لە هەر سێ بواری توێژینەوەکەدا تا ڕادەیەکی زۆر لەیەک نزیک بوون، بۆیە داتاکان بەپێی شوێن جیا نەکرانەوە، بەڵام لە چاوپێکەوتن و گرووپەکانی گفتوگۆی ورددا، ئێمە دۆخ و باروودۆخی جیاوازی هەریەک لەو شوێنانەمان شی کردەوە کە توێژینەوەکە کردبوونییە ئامانج. ئەم جیاوازییە بچووکانە زیاتر گرنگیی بەکارهێنانی ڕێبازی تێکەڵاوی توێژینەوەکردن دەردەخەن.

### ٤.٣.٢ لەمپەرەکان

#### ئەو وشە و زاراوانەی تایبەتن بە توندڕەویی توندوتیژ

وەرگێڕانی زاراوەی (Violent Exterimism) توندڕەویی توندوتیژ بۆسەر زمانی کوردی قورس بوو. کێشەکە تەنیا زمانەوانی نەبوو؛ بەڵکو ئەوەش بوو کە لە ئەدەبیاتی کوردیدا، ئەو چەمکە بەدەگمەن بەکاردێت. خەڵک و بەرپرسانی حکومەتیش زۆرجار (Violent Exterimism) توندڕەویی توندوتیژ)یان لەگەڵ (Terrorism تیرۆر) تێکەڵ دەکرد. بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، توێژەران پێش ئەنجامدانی ڕاپرسی و چاوپێکەوتن و گرووپەکانی گفتوگۆی ورد، پێناسە و زاراوەی توندڕەویی توندوتیژیان ڕوون کردەوە. سەرەڕای ئەوە، پێناسەی توندڕەویی توندوتیژ بەشێوەی نووسراو درا بەئەندامانی ناو گرووپی گفتوگۆ وردەکان و ئەو کەسانەش کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەکرا. لە گرووپەکانی گفتوگۆی ورددا دانیشتنێکمان تەرخان کرد بۆ پێناسەکردنی ئەم زاراوانە و وەرگێڕانیان بۆسەر زمان و دیدگا ناوخۆییەکان.

#### ئەو کەسانە لە توێژینەوەکەدا بەکارهێنران

ئەو ڕاپرسییەی لە هەڵەبجە، گەرمیان، و ڕاپەڕین ئەنجام دراوە، تەواوی هەرێمی کوردستان نانوێنێت. هەرچەندە ئەنجامەکان لەو سێ ناوچەیەی توێژینەوەکە کردبوونیە ئامانج زۆر لەیەک نزیک بوون، بەڵام دەشێت ئەنجامەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تری ناو هەرێمی کوردستان بگۆڕێن. سەرەڕای ئەوەش، دانیشتووانی ئەم ناوچانە نزیکەی ٢٠٪ی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان پێک دەهێنن و لایەنە فەرمییەکان دانیان بەوەدا ناوە کە ئەم ناوچانە مەترسیی زیاتریان لەسەرە و پێویستە لێکۆڵینەوەی وردیان لەسەر بکرێت.

## ٥.٣.٢ ئێتیکی توێژینەوە

توێژینەوەیەک لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا لەسەر توندڕەویی توندوتیژ یان ڕێگریکردن لێی بکرێت پێویستی بەوەیە لە کاتی کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیارییەکاندا گرنگییەکی تەواو بدات بە لایەنە ئێتیک/ئەخلاقییەکانی توێژینەوەکردن. ناسنامەی بەشداربووانی توێژینەوەکە بەدرێژایی پرۆسەکە بە نهێنی و نادیاری هێڵدرایەوە. تایبەت بە وەرگرتنی ڕەزامەندیی پێشوەختەشەوە، چاوپێکەوتنەکان و بەشداربووانی ناو گرووپی گفتوگۆ وردەکان پێشوەختە ڕەزامەندی زارەکییان دەربڕی. فۆرمی نووسراو بۆ وەرگرتنی «ڕەزامەندی پێشوەختە» لە هەرێمی کوردستاندا زۆر جێی متمانە نییە و زیاتر هەستی بێمتمانەیی و گومان دەوروژێنێت. ڕەزامەندییەکە بەڕوونی پاشخانی پرۆژەکە و مەبەست و ئامانجی توێژینەوەکەی تێیدا ڕوون کرابووەوە، بەڕوونییش باسی لەوە کردبوو کە توێژینەوەکە خۆبەخشانەیە و بەشداربووان دەتوانن لە هەر کاتێکدا بیانەوێت لێی بکشێنەوە و داوا بکەن لە داهاتووشدا ئەو زانیارییانەی لێیان وەرگیراون بەکار نەهێنرێن.



وێنە ١: ئەنجام ڕەسول / ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ

# ٣. توندڕەویی توندوتیژ لە هەرێمی کوردستاندا: مێژووەکەی و چاوپێداخشاندنێک

## ١.٣ دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١

دوای ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١ دژی ڕژێمی بەعس، کوردستان وەک ناوچەیەکی سەربەخۆ دەرکەوت. بە ماوەیەکی کەم دوای ڕاپەڕینەکە، هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی شەڕی ناوخۆ و سەرهەڵدانی گرووپە چەکدارە توندڕەوەکان بووەوە. هەندێک لایەنی سیاسی گرووپی چەکداریی تایبەت بە خۆیان هەبوو، کە دواجار بەشدارییان لە شەڕی ناوخۆدا پێ کرا. لەناو ئەو گرووپانەدا، هێزی ئیسلامییش هەبوون. سەرهەڵدانی پارتە ئیسلامییەکان و بەهێزبوون و کارکردنیان بە ئاراستەی دامەزراندنی حوکمێکی ئیسلامی لەهەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکان.[٢٢] یەکەمین حزبە ئیسلامییە کوردییەکان، بۆ نموونە بزووتنەوەی ڕابیتەی ئیسلامی (حركة الرابطة الاسلامية) کە لە ساڵی ١٩٨٤ دامەزرا، هەروەها بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان/عێراق کە لە ساڵی ١٩٨٧ دامەزرا، شانبەشانی حیزبە نەتەوەییە چەپەکان، خەباتی چەکدارییان دژی ڕژێمی بەعس دەکرد. دوای ساڵی ١٩٩١، حزبە ئیسلامییەکان لە دوو قۆناغدا و لە سەرەتای نەوەدەکان و سەرەتای ساڵانی دووهەزاردا لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان شەڕیان کرد. پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان کۆنترۆڵی حکومەتە تازەدامەزراوەکەی هەرێمی کوردستانیان کرد و ئیسلامییەکانیش دەستیان کرد بە ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی عەلمانی/نەتەوەییی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ئەو تێگەیشتن و پراکتیزەکردنە تەقلیدییەی ئیسلام کە لای ئەو دوو حیزبە ولەنێو خەڵکیشدا هەبوو.[٢٣]

لە ساڵانی نەوەدەکاندا، دابەشبوونی بەرچاو لەناو بزووتنەوەی ئیسلامیدا دروست بوو. وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر بەو شێوازە چەکدارییەی بزووتنەوەکە لەسەری دەڕۆیشت، بەشێک لە ئەندامانی لە ساڵی ١٩٩٤دا پارتەکەیان جێهێشت و حیزبێکی نوێیان بە ناوی «یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان» دروست کرد. ڕەگ و ڕیشەی یەکگرتووی ئیسلامی بۆ ئیخوان موسلیمین دەگەڕێتەوە کە بۆ یەکەمجار لە ساڵانی پەنجاکاندا لە ناوچە کوردنشینەکانی عێراقدا دەرکەوت. هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە، حیزبەکە ڕایگەیاند کە خەباتی چەکداری ناکات.[٢٤] دابەشبوونە ناوخۆییەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی و ڕووبەڕووبوونەوە چەکدارییە بەردەوامەکانی حیزبەکە لەگەڵ پارتە دەسەڵاتدارەکانی هەرێمی کوردستان ، هەروەها زیادبوونی یاخیبوونی ئیسلامی لە هەرێمی کوردستاندا لە دوای داگیرکردنی ئەفغانستان بە سەرکرادایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، هەموو پێکەوە بوونە هۆی سەرهەڵدانی چەند ڕێکخراوێکی نوێی وەک گرووپی جیهادیی ئیسلامی بە سەرکردایەتیی مەلا ئەمین پیرداود خۆشناو، جوندولئیسلام بە ڕابەرایەتیی ئەبو عەبدوڵڵا ئەلشافیعی، کە بنکەی پشتیوانییەکانی زیاتر لە پارێزگای هەولێردا بوو، هەروەها ئەلئیسلاح، کە گرووپێک بوو لە بزووتنەوەی ئیسلامی جیا بووەوە و مەلا کرێکار سەرۆکایەتیی دەکرد. جوند ئەلئیسلام و ئەلئیسلاح لە کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠١دا یەکیان گرت و ڕێکخراوێکی نوێی جیهادییان بە ناوی «ئەنسارولئیسلام» دروست کرد و مەلا کرێکار چووە لووتکەی بزووتنەوەکە.[٢٥] ئەم گرووپە یەکێک بووە لە گرووپە هەرەڕادیکاڵەکان کە لە کوردستان چالاکیی کردووە و دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانی و ئەو پەیڕەوکردنە تەقلیدییەی ئیسلامی لە هەرێمەکەدا ڕەت کردووەتەوە.

## ٢.٣ لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە بۆ ساڵی ٢٠١٤: کەیسی خۆڕاگری

> لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە، بارودۆخی خەڵک باشتر بوو. بینیمان چۆن خەڵک چێژیان لە ژیان وەردەگرت و بە ڕووی کلتوورە نوێیەکاندا کرانەوە. کاتێک هیچ دەرفەتێک نارەخسێت، لێبوردەیی خەڵک بەرانبەر بە یەکتر کەم دەبێتەوە (هەڵەبجە، چاوپێکەوتن، ئابی ٢٠٢٢).

بەبەراورد بە بەشەکانی دیکە عێراق، هەرێمی کوردستان، لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە، گۆڕانێکی ئەمنی و ئابووری و سیاسیی جیاوازی بەخۆیەوە بینی. دوای گۆڕینی ڕژێمی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا، هەرێمی کوردستان سەقامگیری و پێشکەوتنی گەورەی ئەزموون کرد. داگیرکردنی عێراق بە سەرکردایەتیی ئەمەریکا لە ساڵی ٢٠٠٣دا، دەرفەتی ئەوەی بە کورد دا ڕۆڵی هەبێت لە یەکلاییکردنەوەی پۆستەکانی بەغدادا و پۆستی سەرۆککۆمار و وەزیری دەرەوە و چەندین پۆستی سەرەکیی دیکەی ناو حکومەتی عێراقی وەرگرت. لەسەر ئاستی ناوخۆش، هەرێمی کوردستان سەقامگیرتر بوو، ئەویش بەهۆی «ڕێککەوتنی ستراتیژی»یەوە، کە ڕێککەوتنێکی دابەشکردنی دەسەڵات بوو لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستاندا و ساڵی ٢٠٠٦ کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە ئەوەش کاتێک حکومەتێکی هاوپەیمانیی یەکگرتوو جێگەی دوو ئیدارەکەی پێشووی گرتەوە. ئەم پێشهاتانە پەیوەندیی نێوان خەڵک و دەسەڵاتیان بەهێزتر کرد و ئەو هەستەیان لەنێو کورداندا دروست کرد

٢٢ Mohammad Baziani, *Mstaqbal al-haraka al-islamua fi kurdistan al-iraq* (The Future of Islamic Movements in Iraqi Kurdistan) (Erbil: Tafsir Institute, 2006); David Romano, *An Outline of Kurdish Islamist Groups in Iraq*,Occasional paper, The Jamestown Foundation, September 2007.

٢٣ ئەو جۆرە پەیڕەوە ئایینیەی لە هەرێمی کوردستاندا زاڵ و بڵاوە تێکەڵەیەکە لە مەزهەبی شافیعی، سۆفیگەری و تێگەیشتن و پەیڕەوکردنێکی خێڵەکی و پارێزکارانەی ئیسلامە.

٢٤ See: Mohammad Salih Mustafa, *Nationalism and Islamism in the Kurdistan Region of Iraq: The Emergence of the Kurdistan Islamic Union* (Routledge, 2020).

٢٥ Brynjar Lia, Understanding Jihadi Proto-states, *Perspectives on Terrorism* 9, no. 4 (2015): 31–41, p. 34.

کە لایەنێک هەیە نوێنەرایەتییان دەکات. لەساڵی ٢٠٠٥ تا ٢٠١٣، بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ٢.٥ ملیار دۆلاری ئەمریکییەوە بۆ ١٣ ملیار دۆلار بەرزبووەوە. بەهۆی ئەوەی نرخی نەوت لە نێوان ساڵانی ٢٠١٢ بۆ ٢٠١٣ لە لوتکەدا بوو، هەرێمی کوردستان بووژانەوەیەکی ئابووریی بێوێنەی بەخۆیەوە بینی و ڕێژەی گەشەی ساڵانەی ١٢٪ بوو. لەم ماوەیەدا ڕێژەی بێکارییش لە هەرێمی کوردستاندا گەیشتە نزمترین لەسەر ئاستی عێراق و لە زۆرێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەمتر بوو.[٢٦] لەم ماوەیەدا کۆچی گەنجانی کورد بۆ ئەورووپاش بۆ نزمترین ئاستی خۆی دابەزی.[٢٧] قوتابخانە و زانکۆی نوێ دروستکران و کەرتی تایبەت بوژایەوە.[٢٨]

سەبارەت بە حوکمڕانی و بەشداریی سیاسییش، لە دەیەی یەکەمی دوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە ئەگەری بەدیموکراسیبوون بە بەراورد لەگەڵ قۆناغە مێژووییەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان زیاتر بوو.[٢٩] ئەوەی گرنگ بوو ئەوە بوو پارتە سیاسییە ئیسلامییەکان و ئەندامەکانیان چەکیان دانا و لە پرۆسەی سیاسیی نوێی هەرێمەکەدا بوونە ئەکتەری سیاسی.[٣٠] سێ پارتە ئیسلامییە سەرەکییەکەی هەرێم هەموویان چوونە پەرلەمان.[٣١] ئەمە گۆڕانکارییەکی گرنگ بوو، بەتایبەت بۆ هەندێک لە گرووپە ئیسلامییەکان کە هەر لە سەرەتاوە وەک بزووتنەوەی چەکداری دامەزرابوون و مانیفێستی سیاسیی فەرمییان «جیهاد» بوو.[٣٢]

## ٣.٣ دوای ساڵی ٢٠١٤

لەدوای ساڵی ٢٠١٤ەوە، نیگەرانییەکان لەبارەی بەرزبوونەوەی مەیلی گەنجان بۆ توندڕەویی توندوتیژ لە هەرێمی کوردستاندا زیادیان کردووە. ڕەنگە دوو هۆکاری سەرەکی لەپشت زیادبوونی ئەم نیگەرانیانەوە بن: سەرهەڵدانی داعش و زیادبوونی ناڕەزایەتیی گەنجان.

### ١.٣.٣ سەرهەڵدانی داعش

سەرهەڵدانی دراماتیکیی داعش لە سووریا و عێراق، گەنجێکی زۆری لە ناوچەکە و لە سەرانسەری جیهان بۆ لای خۆی ڕاکێشا، لەنێویاندا بەشێک لە گەنجانی کوردیش. لەناکاو، هەرێمی کوردستان دراوسێیەکی نوێ و زۆر شەڕەنگێزی بۆ دروست بوو کە چەند سەد کیلۆمەترێک لێی دوور بوو. لە ساڵی ٢٠١٤دا، داعش دەستی بەسەر ناوچەیەکی بەرفراوانی باکووری عێراقدا گرت، لەنێویدا چەند بەشێکی هەرێمی کوردستانیش هەبوون. داعش تەنیا هەڕەشەیەکی دەرەکی نەبوو، بەڵکو هەڕەشەیەکی ئەمنیی ناوخۆییش بوو. ئامارێکی تەواو متمانەپێکراو لەبارەی ژمارەی ئەو گەنجە کوردانەی کە پەیوەندییان بە داعشەوە کردووە لەبەردەستدا نییە، بەڵام لێدوان و چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی هەرێم ئاماژە بەوە دەکەن کە نزیکەی ٥٣٤ گەنجی کوردی عێراق پەیوەندییان بەو گرووپەوە کردووە؛ زۆرینەیان (٣٠٠-٣٣٠ کەسیان) لە ساڵی ٢٠١٤ تا ٢٠١٧ لە سووریا و عێراق کوژراون، لە کاتێکدا نزیکەی ١٥٠ کەسیان گەڕاونەتەوە و خۆیان ڕادەستی دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان کردووەتەوە.[٣٣] ژمارەی ئەو گەنجە کوردانەی پەیوەندییان بە داعشەوە کردووە کەمە لەکاتێکدا چوونەناو گرووپەکە، بەهۆی نزیکیی شوێنی جوگرافییەوە، تا ڕادەیەک ئاسان بوو، بەتایبەتی لە مانگەکانی سەرەتای سەرهەڵدانی ئەو گرووپەدا لە عێراق، بەڵام ئەم ژمارەیە بە شێوەیەکی بەرچاو زیاتر دەبوو ئەگەر هێزە ئەمنییە کوردەکان زیاتر لە ٨٠٠ گەنجیان لەو گەنجانە دەستگیر نەکردایە کە ئارەزووی چوونە ناو داعشیان دەکرد و پلانەکانیان پووچەڵ نەکردنایەتەوە.[٣٤]

سەرەڕای جووڵەی بەشێک لە گەنجانی کورد بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش، نیگەرانیی ئەوەش هەبوو کە ئایا حیزب و گرووپە ئیسلامییە کوردییەکان کاردانەوەیان لەبەرانبەر ئەم هەڕەشە نوێیەدا چی دەبێت. گرژییەکان لە سۆشیال میدیا و کۆنفرانسەکاندا زیادیان کرد، تاک و گرووپە دژە-ئیسلامییەکان هەوڵیان دا شەرعیەتیان کەم بکەنەوە بەوەی پێیان دەگوتن کە «کۆپییەکی نەرمی داعش» یان «داعشی نووستوو»ن. بەڵام هەموو لایەنە کوردییەکان، بە سێ لایەنە ئیسلامییەکەشەوە، بەفەرمی داعشیان شەرمەزار کرد و پشتیوانییان لە شەڕی پێشمەرگە لە دژی ئەو گرووپە کرد. لە کاتێکدا بزووتنەوە و لایەنە ئیسلامییەکان پێیان وایە ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە لە ڕێگریکردن لە ڕادیکاڵبوون و توندڕەوی لەنێو گەنجانی کورددا، دامەزراوە ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان بەتەواوی گومانیان لێیان هەیە، چونکە پێیان وایە ئەم حیزبانە لە سەرچاوە سەرەکییەکانی ڕادیکاڵبوونی گەنجانن لە هەرێمی کوردستاندا.

٢٦ Shmuel Abramzon, et al., Capacity Building at the Kurdistan Region Statistics Office Through Data Collection. (Rand Corporation, 2014), p. 28.

٢٧ Ala'Aldeen et al., Violent Extremism, p. 13.

٢٨ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٢٩ Kamaran Palani, Jaafar Khidir, Mark Dechesne, and Edwin Bakker. Strategies to gain international recognition: Iraqi Kurdistan's September 2017 referendum for independence, *Ethnopolitics* 20, no. 4 (2021): 406–427, p. 411.

٣٠ Tine Gade and Kamaran Palani. The Hybridisation of Religion and Nationalism in Iraqi Kurdistan: The Case of Kurdish Islam, *Third World Thematics: A TWQ Journal* 5, no 3-6, (2020): 221–241, p. 227.

٣١ یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، کۆمەڵی دادگەری کوردستان، بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان..

٣٢ Gade and Palani, *The Hybridisation of Religion*, p. 227.

٣٣ Hiwa Shilani, *150 Kurdish ISIS militants who surrendered to Kurdistan Region authorities are in prison: Official*. Available from: www.kurdistan24.net/en/news/fe5cb55d-9871-4692-ae29-67f2e4d5be7c..

٣٤ Palani, *Youth Radicalization*, 227.

### ٢.٣.٣ زیادبوونـی ناڕەزایەتیی گەنجان

لەماوەی هەشت ساڵی ڕابردوودا، لە دەسپێکی قەیرانە داراییەکەی ساڵی ٢٠١٤ەوە، هەرێمی کوردستان ئاستێکی بەرزی لە ناڕازیبوونی گەنجان لە دەسەڵات بە خۆیەوە بینیوە.[٣٥] لەپشت ڕووکەشیی دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، کە هاوشێوەی دامەزراوەکانی دەوڵەتێکن، هەر یەک لە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سیستەمێکی حوکمڕانیی هاوتەرییبیان پەیڕەو کردووە و سەرچاوە ئابوورییەکانیان کۆنترۆڵ کردووە. هەردوو کەرتی تایبەت و گشتی، دەستڕاگەیشتن بە گرێبەستە حکومییەکان و پۆستەکان لە هێزە ئەمنییەکاندا، هەمووی بەتوندی لە لایەن ئەو دوو پارتەوە کۆنترۆڵ کراون. ئەو کاریگەرییە لەڕادەبەدەرەی ئەو دوو پارتە بەسەر حوکمڕانیدا هەیانە، لەمپەرێکی بونیادی و کارگێڕیی دروست دەکات، کە بە شێوەیەکی کاریگەر ڕێگریی لە بەشداریکردنی گەنجان دەکات.

زیاتر لە چارەکێکی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان تەمەنیان لە نێوان ١٨ بۆ ٣٤ ساڵدایە؛ زۆرێک لەمانە بەدەست بێکاریی و بێهیوابوونێک لە دەسەڵاتدارانی حوکمڕانی دەناڵێنن، کە تا دێت لە زیاتر دەبێت.[٣٦] هیچ داتایەکی دروست لەسەر بێکاری و کۆچی گەنجان لە هەرێمی کوردستان نییە. کۆچی گەنجان بۆ ئەوروپا لە ساڵی ٢٠١٤ەوە بە ڕێژەیەکی زۆر زیادی کردووە.[٣٧] کۆچکردن دەرئەنجامی خراپبوونی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتییە و بە شێوەیەکی نەرێنی کار لە هەستکردن بە ئینتیمای خەڵک دەکات.[٣٨] شەڕی دژ بە داعش و قەیرانی دارایی، کە هەردووکیان لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ەوە دەستیان پێ کرد، کۆتاییان بەو گەشە و پێشکەوتنە ئابوورییە هێنا کە هەرێمی کوردستان لە دە ساڵی دوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە بەخۆیەوە بینیبوو. دابەزینی نرخی نەوت، بڕیاری بەغداد بە وەستاندنی بودجەی هەرێمی کوردستان، هەروەها شەپۆلێک لە ٢٥٠،٠٠٠ ئاوارەی سووری و یەک ملیۆن و نیو ئاوارەی ناوخۆیی هەڵهاتوو لە دەستی داعش، ئەوەندەی تر فشاری خستە سەر هەرێمی کوردستان. ئەم فاکتەرانە کاریگەریی گەورەیان لەسەر خۆشگوزەرانیی دانیشتووانی هەرێم هەبووە، بەتایبەت گەنجان.

ڕێژەی بەرزی بێکاری و هەژاری، بەربەستی بونیادی لەبەردەم بەشداریکردن و بەهێزکردنی گەنجاندا دروست دەکەن، چونکە ئەم دۆخە بەشێکی زۆر لە گەنجانی هەرێمی کوردستان دەخاتە ئاستێکی هێندە نزمی گوزەرانەوە، کە تیایدا وزەکانیان لە پڕکردنەوەی پێداویستییە سەرەتاییەکاندا چڕ دەبێتەوە. بەگشتی، باروخی گەنجان لە سەرانسەری هەرێمی کوردستاندا بە ناجێگیری ماوەتەوە. بەبێ بەردەستبوونی ئەو میکانیزمە کارایانەی کە ڕەنگە ڕێگە بە گەنجان بدەن ئەم باروخانە بگۆڕن، تادێت گەنجانی ناوچەکە بێهیوا دەبن و زیاتر تامەزرۆی کۆچکردن بە هیوای دۆزینەوەی ژیانێکی باشتر دەبن. لە کاتێکدا لە حاڵەتی هەرێمی کوردستاندا، ڕوون نییە چۆن کشانەوەی گەنجان لە کۆمەڵگە و هەستکردن بە بێدەسەڵاتی دەکرێت بگۆڕێت بۆ پشتیوانیکردن لە توندڕەویی توندوتیژ، لێکۆڵینەوەکان پێشنیازی ئەوە دەکەن کە گرووپ و بۆچوونە توندڕەوە توندوتیژەکان ئەو کاتانە پشتگیری بەدەست دەهێنن کە پێکهاتەکانی حکومەت و دەوڵەت شەرعیەت و پشتگیری لەدەست دەدەن.[٣٩] وەک ئەدەبیاتی ئەم بوارە نیشانی دەدات، ڕووبەڕووبوونەوەیەکی نەرێنیی دووبارەبووەوە لەگەڵ ئەندامێکی هێزە ئەمنییەکان، فەرمانبەرێکی حکومی، دادوەرێک و هتد... دەبێتە هۆی تووڕەیی و هەستکردن بە نامۆبوون، کە ئەمە وا لە گەنجان دەکات لەئاست ڕادیکاڵبووندا لاواز بن. کاتێک کۆمەڵگەکان لە بەشداریپێکردنی ماناداری گەنجاندا شکست دەهێنن، ئەگەری بەشداریکردنی گەنجان لە توندوتیژیی سیاسیدا زیاتر دەبێت.[٤٠]



وێنە ٧: ئەنجام ڕەسوڵ / ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ

٣٥ Sajad Jiyad, Müjge Küçükkeleş, and Tobias Schillings, *Economic Drivers of Youth Political Discontent in Iraq: The Voice of Young People in Kurdistan, Baghdad, Basra and Thi-Qar*, (Global Partners Governance, 2020), 6.

٣٦ The Kurdistan Regional Statistics Office [KRSO], The International Organization for Migration [IOM], and The United Nations Population Fund [UNFPA], Demographic Survey: Kurdistan Region of Iraq, (2018). https://reliefweb.int/report/iraq/demographic-survey-kurdistan-region-iraq.

٣٧ Mera Bakr, *Escaping from Duopoly Rule: How a two-party system drivesA Two-Party System Drives Iraqi Kurdish migrationMigration en masse*? (Konrad-Adenauer-Stiftung, 2022); Abdulla Hawez, *Why are Iraqi Kurds migrating?* Available from: https://abdullahawez.substack.com/p/why-are-iraqi-kurds-migrating.

٣٨ Bakr, *Escaping from Duopoly Rule*.

٣٩ Harriet Allan, Andrew Glazzard, Sasha Tumu Jesperson, and Emily Sneha Reddy Winterbotham,


٥٠. *Drivers of Violent Extremism: Hypotheses and Literature Review*,(2015), p.

٤٠ See: UNDP [United Nations Development Programme]. *Journey to Extremism in Africa: Drivers, Incentives and the Tipping Point for Recruitment*, (New York: 2017), p. 5.

## ٤. تێڕوانینی خەڵك


بابەتی ئەوەی توندڕەوی لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستاندا هەیە، هەستێک بوو کە بەشێوەیەکی بڵاو لەنێوان بەشداربووانی ڕاپرسییەکە و گرووپەکانی گفتوگۆی ورد و چاوپێکەوتنەکاندا هەبوو. بەشێکی زۆری بەشداربووان (٨٢٪، ٣٤٢ بەشداربوو) گوتیان کە کۆمەڵگە دووچاری توندڕەویی توندوتیژ بووەتەوە (وێنەی ١)

### وێنەی ١: ئایا کۆمەڵگەکەت دووچاری توندڕەویی توندوتیژ بووەتەوە؟





سەبارەت بە پرسیاری ئەوەی کام جۆر لە توندڕەویی توندوتیژ لە کۆمەڵگەدا هەیە، بەشداربووەکان لە وەڵامەکانیاندا هاوڕا نەبوون (وێنەی ٢). ٤١٪ (٢٩١ بەشداربوو) ئاماژەیان بە جۆرە توندڕەوییەک دا کە خۆی لە ناسنامەی جوگرافیدا دەبینێتەوە، ٢٤٪ (١٦٧ بەشداربوو) توندڕەویی سیاسییان هەڵبژارد، ١٢٪ (٨٤ بەشداربوو)، توندڕەویی ئایینییان هەڵبژارد، لە٨٪ یش (٥٥ بەشداربوو) توندڕەوییەکیان هەڵبژارد کە پاڵنەری نەتەوەیی هەیە. جگە لەوە، زۆرینەی بەشداربووان (٨٣٪، ٣٤٤ بەشداربوو) باوەڕیان وابوو کە ئەگەر توندڕەویی چارەسەر نەکرێت، توندوتیژیی لێ دەکەوێتەوە (وێنەی ٣). ئەم پرسیارە بە وردی لە گفتوگۆکانی گرووپەکان و لە چاوپێکەوتنەکاندا قسەی لەسەر کرا و بۆمان دەر کەوت کاتێک بەشداربووان پەیوەندییەک لەنێوان ناسنامەی جوگرافی و توندڕەوییدا دروست دەکەن، بە شێوەیەکی سەرەکی مەبەستیان دابەشبوونە بەسەر دوو بەرەدا: بەرەی شوێنە شارنشین و بەرەی شوێنە گوندنشینەکان. لە گفتوگۆکانی گرووپەکانی گفتوگۆ، وردتر لە هەڵەبجە، دابەشبوونی ناوچە و قەزا جیاوازەکان بابەتێکی سەرەکیی گفتوگۆکان بوو.

### وێنەی ٢: کام جۆری توندڕەوی لە کۆمەڵگەکەتدا هەیە؟





### وێنەی ٣: ئایا ئەو توندڕەوییە زاڵەی ئاماژەت پێ دا هانی توندوتیژی دەدات؟



ژمارەیەکی بەرچاو لە بەشداربووانی ڕاپرسییەکە باوەڕیان وا بوو کە نائومێدیی خەڵک لە دەسەڵاتداران ئەگەری ئەوەی لەگەڵ بزووتنەوە توندڕەوەکاندا تێوە گلێن زیاتر دەکات (وێنەی ٤). دەتوانرێت ئەم ئەنجامە لەناو گفتوگۆی فراوانتردا، کە لەسەر پێویستیی باشترکردنی پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگە لە هەرێمی کوردستان ساز بکرێت، ڕوون بکرێتەوە. لەبەر ئەمە، پێویستە بەهێزکردنی متمانەی خەڵک بە دەسەڵاتدارە سیاسییەکان بەشێک بێت لە بەرنامەدانان بۆ ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ.

### وێنەی ٤: هەستت بەرانبەر ئەم لێدوانە چۆنە؟ "کاتێک خەڵک لە حکومەت/پارتە دەسەڵاتدارەکان بێزار دەبن، ئەگەر زۆرە لەگەڵ بزووتنەوە توندڕەوەکانی ناو کۆمەڵگاکەتدا تێوە بگلێن"




تەواو هاوڕام
هاوڕام
تا ڕادەیەک هاوڕام
هاوڕا نیم
هیچ هاوڕا نیم

## ١.٤ ڕاوبۆچوونی خەڵک لەسەر داهاتوو


پرسیار لە بەشداربووانی ڕاپرسییەکە کرا کە ئایا بڕوایان وابوو بارودۆخەکە لە هەرێمی کوردستاندا بە ئاڕاستە درووستەکە یان ئاڕاستەکە هەڵەکەدا دەڕوات؛ ٧٩٪ (٣٣٠ بەشداربوو)یان بڕوایان وا بوو کە هەرێمی کوردستان بە ئاڕاستە هەڵەکەدا دەڕوات، دوای ئەوانیش ١٣٪ (٥٤ بەشداربوو) گوتیان کە دڵنیا نەبوون. تەنیا ٧٪ (٣١ بەشداربوو) بڕوایان وابوو کە شتەکان بە ئاڕاستە دروستەکەدا دەڕۆن. (وێنەی ٥)

بەگشتی تێگەیشتنە نەرێنییەکانی خەڵک لەسەر دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان سەرچاوەکەیان ئەو ڕووداوانەی ڕابردوون کە سیستەمێکی سیاسیی ناتەواو و پڕ دووبەرەکییان دروست کردووە. داتا چۆنایەتییەکان ئەوە نیشان دەدەن کە بێزاربوونی خەڵک و تێگەیشتنە نەرێنییەکانیان بەرانبەر داهاتوو دوو هەستی سەرەکییان دروست کردووە، کە ڕەنگە ئەم هەستانە بەشدار بن لە دروستکردنی ژینگەیەکدا، کە لە بەرژەوەندیی توندڕەویی توندوتیژدا بێت. یەکەم، ئەم بێزارییانە ڕەنگدانەوەی دابڕانێکی گەورەن لەنێوان دەسەڵاتداران و نەوە گەنجترەکەدا، کە ئەمەش تیشک دەخاتە سەر بوونی قەیرانێک لە «پەیمانی کۆمەڵایەتیدا». ئەم دابڕانەی ئێستا، کە لەنێوان دەسەڵات و گەنجاندا هەیە، پێویستیی بە دانووستانکردن و داڕشتنەوەی ئەو پەیمانە کۆمەڵایەتییەیە، کە نزیکەی سێ دەیەیە بووەتە بنەمای پەیوەندییەکانی نێوان کۆمەڵگە و دەسەڵات. دووەم، بۆشاییەکی گەورە لەنێوان دەسەڵات و گەنجاندا بووەتە هۆکاری ئەو هەستەی کە ئەوەی پێویستە «چاکسازی» نییە، بەڵکو «گۆڕانکاریی ڕیشەییە»[٤١] خودی ئەم هەستەش، هەستی ئەوە هانی دەدات کە چینی سیاسیی دەسەڵاتدار نایەوێت یان ناتوانێت سیستەمەکە بگۆڕێت. ئەم هەستانە لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا هەن و لە هەڵەبجە زۆر بڵاون.

> ئاساییە بۆ گەنجێک بمرێت یان بکوژرێت، چونکە هیچی نییە لە دەستی بدات (هەڵەبجە، گفتوگۆی گرووپەکان، ئابی ٢٠٢٢)

> خەڵکی ئەم شارە [هەڵەبجە] هێندە نائومێدن وەک ئەوەی خۆڵی مردوویان بەسەردا کرابێت. (هەڵەبجە، گفتوگۆی گرووپەکان، ئابی ٢٠٢٢)

### وێنەی ٥: بە گشتی پێت وایە شتەکان لە کوردستان بە ئاڕاستە دروستەکە یان بە ئاڕاستە هەڵەکەدا دەڕۆن؟





بە ئاڕاستە درووستەکەدا دەڕۆن
بە ئاڕاستە هەڵەکەدا دەڕۆن
دڵنیا نیم

٤١ Palani, *Youthful Anger.*

## ٢.٤ ئاستەکانی ڕازیبوون


لە بابەتی ئاستەکانی ڕازیبوون لە دەسەڵاتی حکومڕانی، ژمارەکان ڕێژەیەکی بەرز لە ناڕازیبوون لە تەواوی ناوچەکان نیشان دەدەن. زۆرینە (٥٩٪، ٢٤٨ بەشداربوو) زۆر ناڕازی بوون، دوای ئەوان ٢٥٪ (١٠٣ بەشداربوو) ناڕازی بوون، ئەوانەش کە کەمێک ڕازی بوون، ١٣٪ ی بەشداربووان بوون (٥٣ بەشداربوو). ڕێژەیەکی ئێجگار کەم لە بەشداربووان لە دەسەڵات ڕازی بوون.

وێنەی ٦: تا چەند لەم حکومەتەی ئێستا ڕازیت؟





پرسیار لە بەشداربووان لەبارەی ڕازیبوونیان لەو دەرفەتانە لێ کرا، کە بۆ گەشەکردنی کەسیی خۆیان بەردەستن. زۆرینە (٣٩٪، ١٦٢ بەشداربوو)، «کەمێک» ڕازی بوون، دوای ئەوان، ٣٠٪ (١٢٤ بەشداربوو) «بە هیچ شێوەیەک ڕازی» نەبوون، ٢٤٪ (١٠١ بەشداربوو) «بە ڕێژەیەکی مامناوەند» ڕازی بوون (وێنەی ٧). زۆر لە بەشداربووان (٣٨٪، ١٥٧ بەشداربوو) گوتبوویان کە تەنیا «بەدەگمەن» هیوایان بە کۆمەڵگەکەیان هەبوو، دوای ئەوانیش ٢٩٪ (١٢٣ بەشداربوو) «جارجار»یان هەڵبژارد، ١٧٪ش (٧١ بەشداربوو) «هەرگیز»یان هەڵبژارد (وێنەی ٨). لەگەڵ ئەمەشدا، دەشێت ئەم ئاستانە بەپێی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان بگۆڕێن. ناڕەزایەتییەکانی ئێستای هەرێمی کوردستان لە ناوچەکانی هەڵەبجە و گەرمیان و ڕاپەڕیندا ماونەتەوە، کە ئەمەش شکستی سیاسەتە ئابوورییەکانی هەرێمی کوردستان لە ڕەخساندنی دەرفەتی یەکساندا لەنێوان ناوچە جیاوازەکاندا دەر دەخات، بەوەی دەرفەتەکان بەزۆری لە شارە گەورەکانی وەک هەولێردا کۆبوونەتەوە.[٤٢]

وێنەی ٧: تا چەند ڕازیت لەو دەرفەتانەی بۆ گەشەکردنی کەسییت لە کۆمەڵگەکەتدا بەردەستن؟




وێنەی ٨: تا چەند هیوات بە کۆمەڵگەکەت هەیە؟





٤٢ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

## ٣.٤ متمانەکردن بە دەسەڵات

پرسیار کرا لە بەشداربووانی ڕاپرسییەکە تا چەند متمانەیان بە دەسەڵات هەیە. زۆرینە (٪٦٠، ٢٤٩ بەشداربوو) متمانەیەکی ئێجگار کەمیان بە حکومەت هەبوو، لەدوای ئەوانیشەوە لە ٪٢١ی بەشداربووان (٨٨ بەشداربوو) بە ڕێژەیەکی کەم متمانەیان بە حکومەت هەبوو، ژمارەیەکی دیکەش لە بەشداربووان (٦٥ بەشداربوو، ٪١٦ی بەشداربووان) بە ڕێژەیەکی مامناوەند متمانەیان بە حکومەت هەبوو. تەنیا ٪٢ی بەشداربووان (٨ بەشداربوو) گوتبوویان کە متمانەیان بە حکومەت هەیە (وێنەی ٩)


وێنەی ٨: ئەنجام ڕەسوڵ / ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ

وێنەی ٩: تا چەند متمانەت بە حکومەت هەیە؟ تکایە یەک بژاردە دیاریی بکە




خشتەی ٢ متمانەی خەڵک بەرانبەر ئەم دامەزراوانە نیشان دەدات: حکومەتی هەرێمی کوردستان، حکومەتە خۆجێیەکان، پارتە سیاسییەکان، هێزە ئەمنییەکان و سیستەمی داد. دەزگا ئەمنییەکانی لێ دەر چێت، بەشداربووانی ڕاپرسییەکە متمانەیەکی کەمیان بەرانبەر هەموو ئەو دامەزراوانەی دیکە دەربڕی، چونکە خەڵک کەمتر بۆچوونی نەرێنییان بەرانبەر دەزگا ئەمنییەکان هەیە. لەگەڵ ئەمەشدا، زۆرینە (٪٤٦ی بەشداربووان، واتا ١٩١ کەس لە بەشداربووان) هێشتا متمانەیان بە هێزە ئەمنییەکانیش نییە، ئەمەش چونکە وەک بەشێک لە دامودەزگاکان و دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەیانبینین. ئەو بەرپرسە ئەمنییانەی بە مەبەستی ئەم ڕاپرسییە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە و لە گرووپەکانی گفتوگۆدا بەشدارییان کردبوو، باسی ئەوەیان دەکرد کە هێشتا ڕێژەیەکی زۆر متمانە و هاوکارییان لەلایەن خەڵکەوە پێ دەبەخشرێت، بە تایبەت لە کاتی دەستنیشانکردنی هەندێک لەو کەسانەی لەژێر مەترسیی توندڕەویی توندوتیژدان.

| خشتەی ٢: پێت وایە بتوانیت متمانە بەم دامەزراوانەی خوارەوە بکەیت؟ | | |
|---|---|---|
| حکومەتی ناوخۆیی | • بە هیچ شێوەیەک متمانەم پێی نییە | ٪٤٥ یان ١٨٨ |
| | • متمانەم پێی نییە | ٪٣٠ یان ١٢٦ |
| | • کەمێک متمانەم پێی هەیە | ٪١٥ یان ٦١ |
| | • متمانەم پێی هەیە | ٪٧ یان ٢٩ |
| | • بە تەواویی متمانەم پێی هەیە | ٪٣ یان ١١ |
| حکومەت | • بە هیچ شێوەیەک متمانەم پێی نییە | ٪٥٤ یان ٢٢٤ |
| | • متمانەم پێی نییە | ٪٣٠ یان ١٢٤ |
| | • کەمێک متمانەم پێی هەیە | ٪٩ یان ٣٩ |
| | • متمانەم پێی هەیە | ٪٥ یان ٢٠ |
| | • بە تەواویی متمانەم پێی هەیە | ٪٢ یان ١٠ |

| | | |
|---|---|---|
| پارتە سیاسییەکان | • بە هیچ شێوەیەک متمانەم پێیان نییە | ٪٥٥ یان ٢٢٩ |
| | • متمانەم پێیان نییە | ٪٢٦ یان ١١١ |
| | • کەمێک متمانەم پێیان هەیە | ٪١٠ یان ٤١ |
| | • متمانەم پێیان هەیە | ٪٥ یان ٢٢ |
| | • بە تەواویی متمانەم پێیان هەیە | ٪٢ یان ٩ |
| هێزە ئەمنییەکان | • بە هیچ شێوەیەک متمانەم پێیان نییە | ٠یان ٠ % |
| | • متمانەم پێیان نییە | ٪٤٦ یان ١٩١ |
| | • کەمێک متمانەم پێیان هەیە | ٪٢٧ یان ١١٤ |
| | • متمانەم پێیان هەیە | ٪١٢ یان ٥٠ |
| | • بە تەواویی متمانەم پێیان هەیە | ٪١٣ یان ٥٥ |
| سیستەمی یاسایی | • بە هیچ شێوەیەک متمانەم پێی نییە | ٪٣٥ یان ١٤٧ |
| | • متمانەم پێی نییە | ٪٣١ یان ١٣١ |
| | • کەمێک متمانەم پێی هەیە | ٪٢٢ یان ٩١ |
| | • متمانەم پێی هەیە | ٪٧ یان ٣٠ |
| | • بە تەواویی متمانەم پێی هەیە | ٪٤ یان ١٥ |


## ٤.٤ ئایا بەکارهێنانـی توندوتیژیی ڕەوایە؟

هەندێک جار دەڵێم ئەنجامدانی هێرشی تیرۆریستیی خۆکوژی دژی حکومەت بۆ تەنیا یەک جار بەس نییە (چەمچەماڵ، گفتوگۆی گرووپەکان، ئابی ٢٠٢٢)


بەکارهێنانی توندوتیژی بۆ گۆڕین یان کارکردن لە سیستەمی حکومڕانی یەکێک بوو لە گفتوگۆ سەرەکییەکانی ناو گرووپەکانی گفتوگۆی ورد و چاوپێکەوتنەکان. زۆر لەو کەسانەی لە ڕاپرسییەکەدا وەڵامیان دابووەوە گوتبوویان کە بەشداریکردن لە خۆپیشاندانی توندوتیژدا دژ بە حکومەت ڕەوایە (وێنەی ١٠).

لە پرسیارێکی هاوشێوەدا، لە بەشداربووانمان پرسی ئایا پێیان وا بوو بەکارهێنانی توندوتیژیی سیاسی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکانی هەرێمی کوردستان ڕەوایەتی هەیە. زیاتر لە نیوەیان، لە سەدا ٥٧ (کە دەکاتە ٢٤٠ بەشداربوو) وەڵامەکەیان نەخێر بوو، لە سەدا ٢٢، (٩٢ بەشداربوو) وەڵامەکەیان بەڵێ بوو، هەروەها لە سەدا ١٧ (٦٩ بەشداربوو) دڵنیا نەبوون کام وەڵامە هەڵبژێرن (وێنەی ١١)

### وێنەی ١٠: ئایا هیچ کات بەشداریکردن لە خۆپیشاندانی توندوتیژدا دژ بە حکومەت ڕەوایەتی هەیە؟




## وێنەی ١١: ئایا بەکارهێنانی توندوتیژیی سیاسی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکانی وڵاتدا ڕەوایە؟




وەک دەرئەنجامەکانی سەرەوە دەری دەخەن، دەشێت بێزاریی خەڵک بەرانبەر دەسەڵات ئەوە ڕوون بکاتەوە کە بۆچی بەشداربووان بەهانە بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی دژی حکومەت دەهێننەوە. بەکارهێنانی توندوتیژی و هێرشکردنە سەر بینا و موڵکی گشتی و بینای پارتە سیاسییەکان لەلایەن خۆپیشاندەرە گەنجەکانەوە دووپاتی دەکاتەوە دەبێت نیگەران بین بەرانبەر ڕادیکاڵبوونی گەنجان و ڕۆیشتنیان بەرەو توندوتیژی لە داهاتوودا. ئەم جۆرە دەرئەنجامانە لاوازیی هەرێمی کوردستان و هەروەها ئەو مەترسییانە نیشان دەدەن کە لە زیادبووندان، بەتایبەت کاتێک ئەمە لەگەڵ ئەو بڕوایەی بەشداربوواندا یەک دەگرێتەوە کە دەڵێت دەبێت گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە سیستەمی حکومڕانیی هەرێمەکەدا ڕوو بدات (وێنەی ١٢).

## وێنەی ١٢: ئەگەر پێت وایە پێویستە گۆڕانکاری ڕوو بدات، هاوڕایت کە دەبێت سیستەمی حکومڕانی لە کوردستان بە شێوەیەکی ڕیشەیی بگۆڕێت؟







وێنە ٩: ئەنجام ڕەسوڵ / ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ

ئەم ئەنجامانە وامان لێدەکەن ئەم پرسیارە بکەین: ئەو دەرئەنجامانەی دەشێت لە بێزاریی خەڵک بکەونەوە چین؟ ژمارەیەکی زۆر لە بەشداربووان پێیان وابوو کە کاتێک مرۆڤ نائومێد دەبێت، کۆچ دەکات (بۆچوونی ٪٣٣ ی بەشداربووان)، ٪١٨ ی بەشداربووان پێیان وا بوو پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان، ٪١٧ یان گوتیان گۆشەگیر دەبێت، ٪١٦ یان گوتیان نارەزایی دەردەبڕێت و بەرهەڵستی دەکات، ٪١٠ یان گوتیان دەچێتە ناو گرووپە توندڕەوەکانەوە و ٪٥ یشیان گوتیان خەباتی مەدەنی و چوونەناو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەڵدەبژێرێت.

هەرچەندە کۆنتێکستەکە بۆ توندڕەویی توندوتیژ گونجاوە، بەڵام زۆرینەی بەشداربووەکان هێشتا پێیان وا بوو کە چوونی خەڵک بۆ ناو گرووپە توندڕەوەکان دەرئەنجامێک بوو ئەگەری کەوتنەوەی بە بەراورد بە بژاردەکانی دیکە کەمتر بوو. لەگەڵ ئەمەشدا، دەشێت تەنیا ئەوەی چەند تاکێک بەرەو توندڕەوی برۆن، کردەوەی توندوتیژی گەورەی لێ بکەوێتەوە.

**وێنەی ١٣: کاتێک خەڵک لە کۆمەڵگەکەی تۆدا نائومێد دەبن، چی دەکەن؟ دەتوانیت زیاتر لە بژاردەیەک دەستنیشان بکەیت.**





## ٥.٤ ئەو گرووپانەی لە مەترسیدان

لە وەڵامی ئەوەی ئایا بەشداربووان پێیان وا بوو کێ زۆرترین ئەگەری ئەوەی هەیە پشتگیریی گرووپە توندڕەوە توندوتیژەکان بکات، زۆرینەی بەشداربووان ئاماژەیان بە گەنجانی بێکار کرد وەک ئەو توێژەی زۆرترین ئامادەییان تێدایە بۆ ناو گرووپە توندڕەوە توندوتیژەکان ڕابکێشرێن، دوای ئەوان ئاماژە بە ئەندامانی پارتە سیاسییەکان درا (٪٢٩)، لە ٪٢٣ ی بەشداربووانیش قوربانییانی توندوتیژیی دەوڵەت یان دەسەڵاتدارانیان هەڵبژارد، ٪٨ ی بەشداربووانیش کەسایەتییە ئایینییەکانیان هەڵبژارد (وێنەی ١٤).

لە چاوپێکەوتنەکان و گرووپی گفتوگۆی ورددا بەفراوانی باسی لاوازیی منداڵان و ژنان لەئاست توندڕەویی توندوتیژدا کرا. منداڵان و ژنان دووچاری ئاڵنگاریی زیاتر دەبنەوە، ئەمەش چونکە خێزانەکان زیاتر پەرتەوازە بوون و منداڵان دەتوانن بەبێ پاراستن و پشتگیریی دەستیان بە هەموو ئامرازەکانی سەر تۆڕی ئینتەرنێت بگات. ئەو نوێنەرانەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان و خێزان، کە لە گرووپەکانی گفتوگۆی وردا بەشدار بوون، باسی کاریگەریی نەرێنیی خراپبوونی گوزەرانی خەڵکیان بەسەر خێزانەکانەوە و زۆربوونی ڕێژەی جیابوونەوەی هاوسەران کرد. لە بابەتەکانی جیابوونەوەی هاوسەراندا، کاتێک پاراستن لەلایەن حکومەتەوە و پاڵپشتیکردنی دامەزراوەکان زۆر لاوازە، منداڵان دەبن بە قوربانیی یەکەم.

> کچێک لەگەڵ دایکیدا دەمەقاڵێیان بووبوو، ئیتر بۆ دوو شەو ماڵی بەجێ هێشتبوو. لەبەر ئەوەی هیچ شێڵتەرێک لە شارەکەدا نییە، کچەکە لە باخچەیەکی گشتیدا خەوتبوو (هەڵەبجە، گفتوگۆی گرووپەکان، ئابی ٢٠٢٢)
>
> خوێندکاری پۆلی ١٠ و ١١ هەن ئەو مادە هۆشبەرانە بەکار دەهێنن کە لە دیوی ئێرانەوە دێن. گرووپ و باندیان دروست کردووە (هەڵەبجە، گفتوگۆی گرووپەکان، ئابی ٢٠٢٢)

**وێنەی ١٤: لەناو ئەم گروپە خەڵکانەدا، پێت وایە کامیان زیاتر ئەگەری ئەوەی هەیە پشتگیریی گروپ یان ئایدۆلۆژیا توندڕەوەکان بکات؟**




# ٥. ئەو فاکتەرانەی لە بەرژەوەندیی توندڕەویی توندوتیژن لە هەرێمی کوردستاندا

## ١.٥ هاندەرە بونیادییەکان

ئەگەر گەنجانی کورد لە ساڵی ٢٠١٤دا بەهۆی ئایدۆلۆژیاوە چووبنە گرووپە توندڕەوەکانەوە، ئێستا لەبەر گەندەڵی دەچنە ناویان. گەنجان ئێستا ئەوەندە یاخین کە هیچ شتێک بەناوی ئینتیمای نەتەوەییەوە نەماوە (هەڵەبجە، چاوپێکەوتن، ئابی ٢٠٢٢).


کاتێک پرسیاریان لەبارەی ئەو فاکتەر و هاندەرانەوە لێ کرا کە وا دەکەن پشتگیریی بۆ توندڕەویی توندوتیژ لەزیادبووندا بێت، بەشداربووانی ڕاپرسییەکە خراپبەڕێوەبردن و گەندەڵی، لەگەڵ بێکاری و هەژارییان لەپێش ئەوانی دیکەوە دانا (وێنەی ١٥). توێژینەوەی زۆر لەسەر ئەوە هەن چۆن ڕێکخراوە توندڕەوەکان لە پرۆسەی ڕاکێشانی ئەندامی نوێدا ئەزموونەکانی نادادپەروەریی و گەندەڵییان لە سەرانسەری جیهاندا بەکار هێناوە. لەگەڵ ئەمەشدا، تەنیا ٪٤ی بەشداربووان پێیان وایە کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان بیروباوەڕی ئایینی هۆکاری توندڕەویی توندوتیژ بن.

**وێنەی ١٥: دەشێت کام لەم فاکتەرانە هانی توندڕەویی توندوتیژ لە هەرێمی کوردستان بدەن؟**




حکومڕانییەوە هەیە، لەو پرسیارەشدا بینرایەوە کە لەسەر ئەوە کرابوو، پێویستە چی بکرێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پاڵنەر و لاوازییە شاردراوەکان بەرانبەر توندڕەویی توندوتیژ. ٪٢٢ی باشداربووان دابینکردنی هەلی کاریان بە لەپێشترین دانابوو، دوای ئەویش چارەسەرکردنی گەندەڵی (٪١٩ی بەشداربووان)، هەروەها باشترکردنی بەڕێوەبردنی باش و مافەکانی مرۆڤ (٪١٧ی بەشداربووان)، (وێنەی ١٦).

**وێنەی ١٦: بۆ ڕێگریکردنێکی کاریگەر لە توندڕەویی توندوتیژ لە هەرێمی کوردستاندا، پێویستە چ شتێک لە هەموو شتێکی دیکە لەپێشتر بێت؟ (سێ لە هەرە خاڵە گرنگەکان هەڵبژێرە)**



توێژینەوەکە پێشنیازی ئەوە دەکات کە بەربڵاویی گەندەڵی و تێبینیکردنی نادادپەروەری و نایەکسانی ئەو نارەزایەتییانە دروست دەکەن کە دەکرێت بۆ بڵاوکردنەوەی توندڕەویی توندوتیژ بەکار بهێنرێن.

> هەلی کار و دامەزراندن لەژێر دەستی پارتە سیاسییەکاندایە. ڕێکخراوێکی ئەڵمانی هات و ئەو کارمەندانەی دایانمەزراندن دەبوو بە فلتەری پارتەکاندا بڕۆن (هەڵەبجە، چاوپێکەوتن، تەمووزی ٢٠٢٢).

بابەتێکی دیکە، کە لە چاوپێکەوتن و گفتوگۆی گرووپەکان لەگەڵ نوێنەرانی کۆمەڵگەی مەدەنییە ناوخۆییەکان و دامەزراوەکانی حکومەتی ناوخۆدا لە هەڵەبجە و گەرمیان و ڕاپەڕین دووبارە دەبووەوە لاوازیی دامەزراوە یاساییەکان بوو. بەشداربووان ئاماژەیان بەوە دا کە ترسی ئەوەیان هەبوو لاوازیی کەرتی داد خەڵک ناچار بکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان پەنا ببەنە بەر ڕێگەی تر.

> لەم هەرێمەدا، دادگاکان بەباشی کار ناکەن و کێشەکان بە چارەسەرنەکراوی بۆ چەندین ساڵ دەمێننەوە. هەندێک کێشە لە دادگاکان لە ڕێگەی پارتە سیاسییەکانەوە یەکلا دەکرێنەوە [ئاماژەیە بۆ پ.د.ک و ی.ن.ک]؛ (هەڵەبجە، چاوپێکەوتن، تەمووزی ٢٠٢٢).
>
> دوو ساڵ لەمەوبەر، ڕاپرسییەکمان لەسەر متمانەی گەنجان بە دادگاکان کرد. لە ٥١٣ کەسدا، تەنیا ٨٥یان بە بەڵێ وەڵامیان دایەوە (واتا متمانەیان بە دادگاکان هەبوو). پێویستە دادگاکان لە ڕیشەوە بەخۆیاندا بچنەوە (نوێنەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، مێزگردێک لەگەڵ نوێنەرانی حکومەت و دامەزراوە هەرێمییەکانی تردا، ئابی ٢٠٢٢).

- بابەتە کۆمەڵایەتی-ئابوورییەکان

بارودۆخە کۆمەڵایەتی-ئابوورییەکان فاکتەرێکی سەرەکیی مەترسین بۆ ڕادیکاڵبوونی هەندێک لە گەنجان. بەشداربووانی چاوپێکەوتنەکان و گفتوگۆکانی گرووپەکان بایەخێکی زۆریان بەرانبەر بابەتی خراپبوونی بارودۆخی کۆمەڵایەتی-ئابووری لە تەواوی هەرێمی کوردستان و ئەوەی کە بۆچی دەکرێت ئەم فاکتەرە پەیوەندیی بە گفتوگۆکردن لەسەر ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژەوە هەبێت نیشان دەدا.

> هەندێک نموونەی گەنجانمان لەم شارە هەبووە کە چوونەتە ناو ڕیزەکانی داعش. تاکە کێشەیان بێکاری بووە (هەڵەبجە، چاوپێکەوتن، تەمووزی ٢٠٢٢).

> گەنجەکانمان و منداڵەکانمان لەڕووی دەروونییەوە شێواون و هەموو ڕق و تووڕەییەکەیان لە ماتۆڕسکیلەکانیاندا بەتاڵ دەکەنەوە (هەڵەبجە، گفتوگۆی گرووپەکان، ئابی ٢٠٢٢).

> ٢٠٪ی گەنجەکانمان لەمێژە هەڵەبجەیان جێ هێشتووە. ئەوانەی ماویشنەتەوە پێیان وایە بە کڕینی ماتۆڕسکیل و هەراسانکردنی خەڵک دەتوانن تۆڵە لە حکومەت و کۆمەڵگە بکەنەوە (هەڵەبجە، چاوپێکەوتن، ئابی ٢٠٢٢).
>
> لەوانەیە ١٠٠ گەنج هەبن کە بچنە گرووپە تیرۆریستەکانەوە، لە ناوایاندا تەنیا ١٠ دانەیان لە زانینەوە دەڕۆن، ئەوانی دیکە بەهۆی بێکارییەوە دەڕۆن (هەڵەبجە، چاوپێکەوتن، ئابی ٢٠٢٢).

> کەسێک دەناسم چووە ناو داعشەوە لە موسڵ. گوتی لەبەر ئەوە چووە، چونکە داعش ئۆتۆمبیل و چەکی پێ دەدا، هەروەها دەیتوانی ژنیش بهێنێت (هەڵەبجە، گفتوگۆی گرووپەکان، ئابی ٢٠٢٢).

> لێرە گەنجان هیچ شوێنێکیان نییە بۆی بچن. بۆیە نەبوون بە تیرۆریست موعجیزەیە (چەمچەماڵ، گفتوگۆی گرووپەکان، ئابی ٢٠٢٢).

کێشەی بێکاریی گەنجان، تووڕەیی و نارازیبوون لە دەسەڵات، هەموو بوونەتە هۆکاری هەستکردن بە نادڵنیایی و تێڕوانینی نەرێنی بەرانبەر داهاتوو.

> نازانم چی بە منداڵەکانم بڵێم. ئایا پێیان بڵێم کە لە هەژاریی یان جەنگدا دەمرن؟ زۆر جار پێیان دەڵێم کە هاوسەرگیری نەکەن و بیر لە بەجێهێشتنی وڵات بکەنەوە (هەڵەبجە، گفتوگۆی گرووپەکان، ئابی ٢٠٢٢).

دادپەروەری بۆ گەنجان گرنگە، بەتایبەت کاتێک بەردەوامن لە بنیاتنانی ناسنامە و پێگەیان لە کۆمەڵگەدا. هەستکردنی خەڵک بە نادادپەروەری لە زیادبووندایە و دەترسن ئەمە هانی ئەو بیرۆکەیە بدات کە کار و کردەوەی توندوتیژ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو نایەکسانی و نادادپەروەرییەی تێبینی دەکەن شتێکی ڕەوایە. هەندێک لە بەشداربووانی ئەو کۆبوونەوە تایبەتەی لەگەڵ نوێنەرە پلەباڵاکانی حکومەت و دامودەزگاکانی دیکەی هەرێمەکەدا ساز کرابوو، گفتوگۆیان لەسەر پەیوەندیی نێوان گەنجان و ناسەقامگیریی سیاسی کرد. لەکاتێکدا دەرفەتەکانی دامەزراندن بۆ دەرچووانی زانکۆکان لە کەرتی حکومیدا کەم تا زۆر لە ساڵی ٢٠١٤ەوە وەستاوە، بەشداربووان باسی ئەوەیان کرد کە ئایا دەکرێت کەرتی تایبەت کاری جێگرەوە بۆ دەرچووانی زانکۆ دابین بکات.

> بڕینی مووچە وا لە خەڵک دەکات هەست بکەن مافی ئەوەیان هەیە توندوتیژی بەرانبەر حکومەت بەکار بهێنن. ڕەنگە تۆ بڵێیت ئەمە هەڵەیە، بەڵام ئەگەر مامۆستا بیت و لە کاتی خۆیدا مووچە وەرنەگریت، بەم شێوەیە بیر دەکەیتەوە (ڕانیە، چاوپێکەوتن، تەمووزی ٢٠٢٢).

> کوڕی بەرپرسەکان بەئاسانی ئۆتۆمبیلی گارنبەها دەکڕن و پێیانەوە دەسووڕێنەوە و کاریان دەست دەکەوێت، بەڵام کەس پشتگیریی منداڵی هەژار ناکات. لەبەر ئەم هۆکارە، منداڵی هەژاران ڕق هەڵدەگرن و هەوڵ دەدەن تۆڵە لەم حکومەتە و کۆمەڵگە بکەنەوە (ڕانیە، گفتوگۆی گروپەکان، ئابی ٢٠٢٢).

نارەزاییی خەڵک و گەنجان تەنیا لە یەک ناوچەی دیاریکراودا نەماوەتەوە، بەڵکو لە تەواوی هەرێمی کوردستاندا[٤٣] بڵاو بووەتەوە. سەرەڕای ئەوانەش، لە سلێمانی و هەڵەبجە، بە تایبەت لە قەزا و ناحییەکان، ئەم هەستە بەهێزترە.

> حکومەت چینێکی بچووکی پێکهاتوو لە خەڵکی زۆر دەوڵەمەندی دروست کردووە. ئەم خەڵکانە کۆمپانیا و بیرە نەوتیان هەیە. هیچ یەکسانییەک نییە (هەڵەبجە، چاوپێکەوتن، ئابی ٢٠٢٢)

> کاتێک گوێم لە وشەی ‹حکومەت› دەبێت، هەستێکی خراپم لا دروست دەبێت (ڕانیە، گفتوگۆی گروپەکان، ئابی ٢٠٢٢)

> لە کوردستان حکومی یاسا سنووردارە. هەر دەستدرێژییەک بۆ سەر مافێک هۆکارێکە بۆ توندڕەوی (ڕانیە، گفتوگۆی گروپەکان، ئابی ٢٠٢٢)

هەندێک لە بەشداربووانی ئەو کۆبوونەوە تایبەتەی لەگەڵ نوێنەرانی پلەباڵای حکومەت و دامودەزگاکانی دیکەی هەرێمدا ساز کرابوو ، گفتوگۆیان لەسەر پەیوەندیی نێوان گەنجان و ناسەقامگیریی سیاسی کرد.

> بە بەراورد بە سلێمانی، هەولێر ڕێژەیەکی کەمتری گەنج تێدایە، بەڵام منداڵی زیاترە. بۆیە توندوتیژییەکی زیاتر لە سلێمانی هەیە. هەولێر و شارەکانی دیکە بەم زووانە دووچاری هەمان کێشە دەبنەوە (نوێنەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئابی ٢٠٢٢).

لاوازیی کەرتی تایبەت لە هەڵەبجە و گەرمیان و ڕاپەڕین لە زۆر چاوپێکەوتندا لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتدا خراوەتە بەر باس. لە هەڵەبجە بە ڕێژەیەکی بەربڵاو هەستی ئەوە هەیە کە شارەکە «پشتگوێ خراوە» و «هیچ دەروازە یان پەیوەندییەک» لەگەڵ بەشەکانی دیکەی هەرێمی کوردستاندا نییە، کە ئەمەش زیاتر ئەو تێگەیشتنە دروست دەکات کە خەڵک جیاکارییان بەرانبەر دەکرێت، بەتایبەت کاتێک بارودۆخی خۆیان بە سەنتەری شارەکانی هەولێر و سلێمانی بەراورد دەکەن. سەرباری ئەمەش، لەبەر ئەوەی ئەم ناوچانە سنووریان بە سنووری ئێرانەوەیە، دووچاری ناسەقامگیری بوونەتەوە، بەتایبەت ئەو ناسەقامگیرییەی بەهۆی جووڵەی ئەندامانی ڕێکخراوە توندڕەوەکانەوە دروست بووە. بەرپرسانی حکومەتی ناوخۆ دەڵێن کە ئەمە بەربەستێکی سەرەکییە لەبەردەم گەشەسەندنی کەرتی تایبەت لە ناوچەکانیاندا.

## ٢.٥ فاکتەرە ڕێخۆشکەرەکان

بەشداربووانی توێژینەوەکە گفتوگۆیان لەسەر هەندێک ڕووداوی سەرەکی ڕێخۆشکەر کرد، وەک دروستبوونی ژینگەیەکی گونجاو بۆ ڕاکێشانی گەنجان بۆ ناو گرووپە توندڕەوەکان لە ساڵانی ٢٠١١ بۆ ٢٠١٤. گفتوگۆکان بە ڕوونی دوو فاکتەری سەرەکیی ڕێخۆشکەریان لە هەرێمی کوردستان، بە تایبەت لە هەڵەبجەدا، دەستنیشان کرد: تۆڕە کۆنەکانی ڕێکخراوە توندڕەوەکان و ئەو پەیوەندییە خێزانییانەی گەنجان بۆ ناو گروەپە توندڕەوەکان ڕا دەکێشن. بە گوێرەی چاوپێکەوتنێک، کە لەگەڵ بەرپرسێکی ئەمنیدا ئەنجام درابوو، نزیکەی ٣٠٠ گەنجی کورد لەوانەی لە ماوەی ساڵانی ٢٠١١-٢٠١٤ چووبوونە گرووپە توندڕەوەکانەوە، لەلایەن تۆڕەکانی ئەو ڕێکخراوە توندڕەوانەوە ڕاکێشرابوون و ڕادیکاڵ کرابوون، کە پێشتر لە هەرێمی کوردستان هەبوون. بەرپرسان ئەم تۆڕ و پەیوەندییە خێزانییانە دەناسن. هێزە ئەمنییەکان کەسە توندڕەوەکان و ئەو کەسانە دەستگیر ناکەن کە بۆچوونی ڕادیکاڵانەیان هەیە، لەبریی ئەوە، هەوڵ دەدەن چاودێریی جووڵەکانیان بکەن و هەوڵ بدەن لە ڕێگەی ئامرازە نافەرمیی و کۆمەڵایەتییەکانی وەک خێزان و دایک و باوک و مەلاکان، ئەو ڕادیکاڵبوونەیان نەهێڵن[٤٤].

- نەبوونی پشتگیریی خێزان

بەرپرسە ئەمنییەکانی هەرێم هەندێک خێزان بە یەکێک لە سەرچاوە سەرەکییەکانی ڕادیکاڵبوونی گەنجان دەبینن. هەندێک خێزان هەن کە «لەمێژە بۆشاییەکیان بۆ ڕادیکاڵبوونی گەنجان ڕەخساندووە و لەوێوە بەشێکی گەورە لە کەسانی توندڕەو هەڵکەوتوون. ئاساییش لە نزیکەوە چاودێریی ئەم خێزانانە دەکات»[٤٥] جگە لەمەش، بەپێی ئەو گفتوگۆیانەی لەگەڵ بەشداربووانی توێژینەوەکەدا کران، دوو گرفتی سەرەکیمان دەستنیشان کرد. یەکەم، خێزانە هەژارەکان ناتوانن بایەخ بە منداڵەکانیان بدەن. دووەم، هەندێک خێزانی دیاریکراو هەن کە ڕێ بۆ ئەوە خۆش دەکەن منداڵەکانیان ئایدۆلۆژیا ڕادیکاڵەکان وەربگرن.

> هاوڕێیەکم هەیە منداڵی زۆرە. یەکێکی لەوانی دیکە زیاتر لا پەسەندە، هەمیشە دەڵێت هۆکاری ئەوەی ئەو کوڕەی بەدڵە ئەوەیە وای دەبینێت کە گەورە بوو، هیچ سووکایەتییەک بەرانبەر بە ئیسلام قبووڵ ناکات (هەڵەبجە، چاوپێکەوتن، ئابی ٢٠٢٢).

> دایکان و باوکان سەرقاڵن بە دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکان بۆ خێزانەکانیان. هەرگیز کات بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکانیان تەرخان ناکەن (چەمچەماڵ، گفتوگۆی گرووپەکان، ئابی ٢٠٢٢).

---

٤٣ جگە لەو توێژینەوانەی لەم بوارەدا هەن، دانیشتنەکانی ڕاوێژپێکردن لەگەڵ نوێنەرە پلەباڵاکانی حکومەت و سەرۆکایەتیی حکومەت و پەرلەمان کە لە ٢٢ ی ئابی ٢٠٢٢دا لە هەولێر ساز کران، ئەم قسەیەیان پشتڕاست کردووەتەوە.

٤٤ Palani, Youth Radicalization, p. 232.

٤٥ هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٢٣٣.

- ڕەهەندە ئایدۆلۆژی و ئایینییەکان

بەشداربووانی توێژینەوەکە فاکتەرە ئایینی و ئایدۆلۆژییەکان وەک هۆکاری سەرەکی بۆ پشتگیریکردن و چوونەناو ڕێکخراوە توندڕەوە توندوتیژەکان لە هەرێمی کوردستاندا نابینن. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەوان ئاماژەیان بەوە دا کە زۆر کەس لە هەڵەبجە و ناوچەکانی دیکە لەبەر هۆکاری ئایینی و ئایدۆلۆژی بە مەبەستی چوونەناو ڕیزەکانی داعشەوە چوون بۆ سووریا. هەروەها هەندێک بەشداربوو باسی ئەوەیان کرد کە زۆر کەس هەست دەکەن ئایین لەژێر هەڕەشەدایە – لەلایەن دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستانەوە. تێڕوانینە نەرێنییەکانی خەڵک بۆ حکومەت لە زیادبووندان، ئەمەش لەبەر ئەوەی وای دەبینن کە کۆنترۆڵی مەیدانی ئایینی و دامەزراوە ئایینییەکان دەکات، بە مزگەوتەکانیشەوە. جگە لەوەش، دوو کێشەی دیکەش لەناو کۆنتێکستی فاکتەرە ئایینییەکاندا تێبینی کران: یەکەم، ئاڵۆزیی ئاڕاستەکردن و پەروەردەی ئایینی لە هەرێمی کوردستاندا، لەبەر ئەوەی گۆڕەپانە ئایینییەکە تا دێت زیاتر دابەشبوون بەخۆییەوە دەبینێت، ئەمەش چونکە گرووپە هەمەجۆرەکان دانیشتوان بە ئاڕاستەی جیاوازدا دەجووڵێنن؛ دووەم، دیالۆگی نێوان بیروباوەڕە جیاوازەکان تەنیا بەشێوەیەکی ڕووکەشی بووە و تەنیا لەنێوان توێژی نوخبەدا ڕووی داوە و وەر نەگێڕدراوەتە سەر ئاستی کۆمەڵگە.

- ڕادیکاڵکردن لەڕێی تۆڕی ئینتەرنێتەوە، میدیای دابەشبوو بەسەر دوو بەرەدا و بەهەڵەگەیاندنی زانیاری

میدیای ئێمە بۆ هەموو کەسێک کراوەیە. کەسانێک هەن دەڵێن ئێوە دەچن بۆ بەهەشت یان دۆزەخ. ئەمە ناجێگیریی دەروونی دروست دەکات. ئێمە هەردوو گوتاری ئایینی توندڕەو و گوتاری عەلمانی توندڕەومان هەیە (کەلار، چاوپێکەوتن، ئابی ٢٠٢٢).

بەرپرسانی حکومەت و نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەڕاستی لەخەمی ئەو ڕادیکاڵکردن و بەهەڵەگەیاندنی زانیارییەی ناو تۆڕی ئینتەرنێتن، کە بەردەوام لە زیادبووندایە، بەتایبەت لە پێگەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. کۆدەنگییەک لەناو بەشداربووانی توێژینەوەکەدا هەبوو کە تۆڕە کۆمەڵایەتییە ئەلکترۆنییەکان ڕۆڵێکی زیاتر لە دابەشبوونی کۆمەڵگە بەسەر دوو بەرەدا دەگێڕن.

ئێمە جەنگە ئایدۆلۆژیی و ئەخلاقییەکەمان بەرانبەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دۆڕاندووە. شتەکە لەدەست ئێمەدا نییە (کەلار، چاوپێکەوتن، تەمووزی ٢٠٢٢).

ئەو بەرپرسە ئەمنییە پلەباڵایانەش، کە بۆ ئەم توێژینەوەیە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە، گوتیان کە توانا و شارەزاییی بەرەنگاربوونەوە و ڕێگریکردنیان بۆ ئەو ڕادیکاڵکردنە نییە کە لەڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە دەکرێت.

ئێمە ئاگاداری ئەوەین کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئینتەرنێت بۆ ڕادیکاڵکردنی خەڵک بە ئاڕاستەی توندوتیژیدا بەکار دەهێنرێن، بەڵام بەپێی پێویست شارەزاییی تەکنیکی و شێوازێکی کارکردنی بەسیستەمکراومان نییە تا مامەڵە لەگەڵ ئەمەدا بکەین.

پێویستیمان بە یەکەیەکە، کە کەرەستەی پێشکەوتووی بۆ دابین کرابێت و ڕاهێنانی پراکتیکی لەلایەن شارەزایانی نێودەوڵەتییەوە لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ دۆزینەوە و بەرەنگاربوونەوەی ڕادیکاڵکردن وەر گرتبێت (هەولێر، چاوپێکەوتن، مارتی ٢٠٢٢).

لەکاتێکدا بۆچوونە نەرێنییەکانی بەشداربووان لەسەر حکومەت و دەسەڵاتداران زۆرن، ئەوان پێشنیازی بەڕێوەبردنی تۆڕی ئینتەرنێت و چاودێریکردن و چیرۆکی جێگرەوە دەکەن کە لەلایەن حکومەتەوە ئاڕاستە بکرێن. پێشنیازی سەرەکیی بەشداربووان ئەوە بوو کە جەخت بکرێتە سەر پێویستیی بۆ هەبوونی پلاتفۆرمێکی میدیایی نەتەوەیی، کە زانیاریی بە گەنجان لەسەر مەترسییەکانی توندڕەوی و توندوتیژی بدات و هانی یەکهاتن و یەکترقبووڵکردن بدات، هەروەها دیالۆگ لەنێوان گەنجان و لایەنەکانی دەسەڵاتدا دروست بکات. دەنگی ژنان، گەنجان، ڕابەرانی ئایینی، هەروەها قوربانیان و ڕزگاربووانی توندڕەویی توندوتیژ لەم پرۆسەیەدا لایەنێکی سەرەکییە.

دامەزراوە پەروەردەییەکان نەیانتوانیوە پەرە بەو ئەو مەنهەج و پرۆگرامە پێویستانە بدەن و زانیاریی لەسەر میدیا پێشکەش بە گەنجان بکەن. جگە لەمەش، دایکان و باوکان، بە تایبەت لە ناوچە گوندنشینەکاندا، ئەو شارەزاییە تەکنیکییانەیان نییە کە منداڵەکانیان لەو ئەو مەترسییانە بپارێزن کە دەشێت لە چالاکییەکانی سەر ئینتەرنێتیاندا ڕووبەڕوویان ببنەوە یان بەرانبەر ئەو مەترسییانە پەروەردەیان بکەن. کۆمەڵگەی مەدەنی و پێگەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ چارەسەرکردنی گرفتی بڵاوکردنەوەی زانیاریی ساختە و هەواڵی درۆ لە پرۆسەی ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ و بەرەنگاربوونەوەی دروستبوونی دووبەرەکیدا زۆر گرنگن.

- ئایا میدیا هۆکارە یان ئامراز؟

بەشێک لە گفتوگۆکە ئەوە بوو ئایا میدیا بۆ توندڕەویی توندوتیژ ئامرازە یان هۆکار. دەشێت میدیا هەردووکیان بێت. لەگەڵ ئەمەشدا، وەک یەکێک لە بەشداربووانی پانێلە تایبەتەکەی حکومەت و دامەزراوەکانی دیکە گوتی:

کێشەکانی میدیا وامان لێ دەکەن کێشە سەرەکییەکانمان لەبیر بچێتەوە. ئەگەر گرفتی بونیادیی دیکە نەبێت، میدیا کەسێکی توندوتیژ دروست ناکات. لەبەر ئەمە، دەبێت تەرکیز بکەینە سەر ڕیشەی کێشەکان، لەناویاندا گەندەڵی و نەبوونی دەرفەتی ئابووری و نەبوونی گەشەکردن.

## ٣.٥ هاندەرە کەسییەکان

بەشداربووانی توێژینەوەکە تیشکیان خستە سەر دابڕانی زیاتر و زیاتری گەنجان لە خێزان و کۆمەڵگەکەیان، هەروەها بەرکەوتنیان لەگەڵ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی هەرێمی کوردستان کە دابەشبوون بەسەر دووبەرەدا. هەروەها ئاماژەشیان بەوە دا کە هەندێک ئەندامانی خێزان پێشینەیان لە توندڕەویی توندوتیژدا هەیە و کار لە ئەندامەکانی دیکەی خێزانەکە دەکەن. سەرەڕای ئەمەش، بەڵگە هەیە

کە ڕادیکاڵبوون پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە و شووناس فاکتەرێکە کە کار لە تێوەگلانی کەسێک لە توندڕەویی توندوتیژدا دەکات[41]. دەشێت ئارەزووی یاخیبوون لەگەڵ لاوازبوونی پێکهاتەی خێزانی و پێگەکەی لە کۆمەڵگەدا و دەسەڵاتی دایک و باوک ڕۆڵ لە گۆڕینی بیرکردنەوە یان نارەزایەتییەکان بۆ کرداری توندڕەویی توندوتیژ ببینن.

سەبارەت بە پاڵنەرە کەسییەکانی توندڕەویی توندوتیژ، «یادەوەرییەکان» لەسەر توندوتیژی لە زۆر لە چاوپێکەوتنەکان و گفتوگۆکانی گرووپەکانی گفتوگۆی ورددا وەک گرفتێکی سەرەکی ئاماژەی پێ دراوە. هەڵەبجە خراپترین هێرشی کیمیایی لە مێژووی ناوچەکەدا لە ساڵی ١٩٨٨دا بەخۆیەوە بینی، کە هێشتا کاریگەریی لەسەر زۆرینەی دانیشتووانەکەی هەیە. زۆربەی کۆمەڵکوژییەکانی کاتی شاڵاوەکانی ئەنفال لە ناوچەی گەرمیان ڕوویان داوە.

ئێمە لەم ناوچەیە مێژوویەکمان لە توندوتیژی هەیە. لە ڕابردوودا، جەنگی ئێران-عێراق لەم ناوچەیە ڕووی داوە، دواتریش شەڕی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ئەو توندوتیژییەی کۆتایی نەوەدەکان و سەرەتای دووهەزارەکان، هەروەها سەرهەڵدانی گرووپە ئایینییە توندڕەوەکان لە ناوچەکەدا، تاکی توندوتیژ بەرهەم دەهێنێت و ڕێگە لە پێشکەوتن لە ناوچەکەدا دەگرێت (هەڵەبجە، چاوپێکەوتن، ئابی ٢٠٢٢).

پێنج جار بەبەر چاوی خۆمەوە ماڵەکانمان وێران بوون. دەتەوێت وەک مرۆڤێکی ئاسایی ڕەفتار بکەم؟ هاوڕێیەکم هەیە زۆر جار دەڵێت کە هەردوو باوکەکەی کوژراون. باوکی لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە شەهید کراوە. دایکی شووی بە پیاوێکی تر کردووەتەوە و ئەویش شەهید کراوە (چەمچەماڵ، گفتوگۆی گرووپەکان، ئابی ٢٠٢٢).

ئەوەی لە هەڵەبجەدا دیارە پێشینەی شارەکە و مێژووی گرووپە توندڕەوەکانە. لە هەر کوێ جەنگێک هەبێت، هەندێک گەنج بەشداریی تێدا دەکەن، بۆ نموونە داعش و جەنگی سووریا. ساڵانە دە بۆ بیست کەس بە تۆمەتی تیرۆر دەستگیر دەکرێن (هەڵەبجە، چاوپێکەوتن، تەمووزی ٢٠٢٢)

ئێمە کۆمەڵگەی دوای جەنگین. لە ساڵی ١٩٦١ەوە تا ئێستا، ئێمە کۆمەڵگەیەک بووین کە لە شەڕدا بووە (نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئابی ٢٠٢٢).



وێنە ١٠: ئەنجام ڕەسوڵ / ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ

٤١ Allan, et al., Drivers of violent extremism, p. 4–5.

# ٦. دەرئەنجام و پێشنیازەکان

ئەم توێژینەوەیە چەندین فاکتەری بونیادی و ڕێخۆشکەر و کەسیی دەستنیشان کرد کە دەشێت ڕۆڵیان لە پاڵپشتیکردن و تێوەگلان لەگەڵ توندڕەویی توندوتیژدا هەبێت. لەکاتێکدا لەم قۆناغەدا هیچ بەڵگەیەک نییە کە بیسەلمێنێت ئەو گرفت و فاکتەری مەترسییانەی لەم توێژینەوەیەدا دیاریی کراون بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ببنە هۆکاری توندڕەویی توندوتیژ لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵام دەستنیشانکردنیان کارێکی سەرەکییە بۆ کەمکردنەوەی مەترسی و بەهێزکردنی خۆڕاگریی دانیشتووان. پاڵنەری شاراوە و هاندەری بونیادی هەن، بەڵام هێشتا گرووپێکی ناسراو یان سەرکردەیەکی کوردی خاوەن کاریزما یان ئایدۆلۆژیایەک دەستنیشان نەکراوە کە کاریگەرییەکەی بگاتە قووڵایی کۆمەڵگەی کوردی تا بانگەشە بۆ بۆچوونەکانی توندڕەویی توندوتیژ بکات.

پاڵنەرەکانی توندڕەویی توندوتیژ ئاڵۆز و گۆڕاون و بە بونیادە فروانترەکەی حکومڕانی لە کۆنتێکستی کوردستاندا بەستراونەتەوە. ستراتیژێکی کاریگەر بۆ ڕێگریکردن خۆی لە چاکسازییە فراوانترەکەی لایەنی سیاسی و حکومڕانیدا دەبینێتەوە. ئەم پێکەوەگرێدراوییەی ئەو دوو بابەتە پێویستیی بەوە دەبێت دامەزراوە گشتییەکان بەهێز بکرێن و هەلی کاری شیاو و یەکسان دابین بکرێت و گەندەڵیش کەم بکرێتەوە. ئەم شێوازی کارکردنە، بە شێوەیەکی سروشتی پێویستیی بەوە دەبێت ئەو جۆرە پێشنیاز و ئەگەری چارەسەرانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییەکانی بەردەم حکومڕانیکردن هەبن کە ئامانجی دایریکراویان هەیە.

## ١.٦ پێشنیازەکان

لە دارشتنی پێشنیازەکانی تایبەت بە سیاسەتی کارکردن، ئەم توێژینەوەیە ئەو پێنج بوارە لەپێشترینەی دەستنیشان کردووە کە بۆ ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ لە هەرێمی کوردستان پێویستن، کە ئەمانەن:

١. پلاندانان و پەرەدان بە سیاسەتەکان

٢. باشترکردنی حکومڕانی

٣. بەشدارییپێکردنی گەنجان و بەهێزکردنیان

٤. بەرەوپێشبردنی ئابووری

٥. خۆڕاگریی کۆمەڵگە و پشتگیریکردنی خێزان

### یەکەم: پلاندانان و پەرەدان بە سیاسەتەکان

چەند بەربەست و بۆشاییەک هەیە کاتێک باس لە جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی کاریگەری ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ لە هەرێمی کوردستاندا دەکرێت. لەوانە، لە سەرتاسەری دامودەزگاکانی حکومەت لە هەرێمی کوردستان، پێناسەیەکی ڕوون بۆ توندڕەویی توندوتیژ و دانانی لە چوارچێوەی ڕوونی چەمکێکدا نییە. لە چەندین بۆنەدا، ئەو بەرپرسە حکومییانەی لەم توێژینەوەیەدا بەشدارییان کرد ئەوەیان گوت کە ئاگاداری هەوڵەکانی یەکدی لەم بوارەدا نین. بۆیە تێگەیشتن و پێناسەیەکی ڕوونی ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ لە سەرانسەری دامەزراوە حکومییەکان لە هەرێمدا پێویستە. دەبێت هەوڵەکان بۆئەوە بن کە (ستراتیژی نیشتیمانی عێراقی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو توندڕەوییە توندوتیژەی دەبێتە هۆی تیرۆر) بەناوخۆ بکەن و هەروەها ئەگەری پلانێکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بۆ داهاتوو دا بنێن و ئەمانە بگۆڕن بۆ پلانێکی کارکردن کە بتوانرێت بۆ ئەو ناوچانەی فاکتەری زۆری مەترسییان هەیە جێ بە جێ بکرێت.

- پەرە بدرێت بە پلانێکی ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ بۆ هەرێمی کوردستان و کۆنتێکستە ناوخۆییەکەی، کە پشت بە بەڵگە ببەستێت و لە لایەن کۆمەڵگەوە بەڕێوە ببرێت و ئەم پلانە جێبەجێ بکرێت.
- چەند میکانیزمێکی فرە-سێکتەری و هەماهەنگی لە نێوان لایەنە حکومی و ناحکومییەکاندا دابمەزرێندرێت و تیادا بڕیار لەسەر ڕۆڵ و بەرپرسیارێتییەکان لە پەرەدان بە پلانە نەتەوەییەکان بۆ ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ و جێبەجێکردنیان بدرێت.
- لێکۆڵینەوەی زیاتر لەسەر هاندەرەکانی توندڕەوی لە ناوچە و شوێنە جیاوازەکانی ناو هەرێمی کوردستاندا بکرێت و هەروەها لەسەر لە فاکتەرەکانی مەترسیی و ئەو فاکتەرانەی کەسەکان دەپارێزن.
- پێویستە حکومەتی فیدراڵیی عێراق ئەزموون و پشتگیریی و هەماهەنگیی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتی ناوخۆدا بەش بکات، • ئاسانکاری و پشتگیریی و هەماهەنگیی لە نێوان حکومەتی هەرێم و بەغدا – بە تایبەت لەگەڵ لیژنەی نیشتمانی بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژی نیشتمانی – بە مەبەستی پەرەدان بە پلانێکی کارکردن بۆ ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ کە تایبەت بێت بە هەرێمی کوردستان.
- پەرەپێدانی سیاسەتێکی پەروەردەیی هەمەگیر بۆ بەهێزکردن و باشترکردنی سیستەمی پەروەردە تا ڕۆڵێکی کاراتر لە ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژدا بگێڕن، ئەمەش پێویستە باشترکردنی مووچە و خۆشگوزەرانیی مامۆستایانی خوێندنگە لەخۆ بگرێت. بەبێ مووچەیەکی گونجاو بۆ مامۆستایان، پرۆگرامە پەروەردەییەکان و چاکسازییەکان کاریگەریی سنوورداریان دەبێت.

### دووەم: باشترکردنی حکومڕانیکردن

داتاکانمان ئەوە نیشان دەدەن کە لە ڕابردوودا ڕێکخراوە توندڕەوەکان ئەزموون و سەرنجەکانی خەڵکیان لەسەر گەندەڵی و نادادی لە هەرێمی کوردستان قۆستووەتەوە. سەرنجەکان لەسەر گەندەڵی و نادادی، خۆڕاگریی دانیشتووان بەرانبەر بیرکردنەوە توندڕەوە توندوتیژەکان کەم دەکەنەوە، لەبەر ئەوە، مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم گرفتانەدا بەدڵنیایی یەکێک دەبێت لە گرنگترین ڕێکارەکانی ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ لە هەرێمی کوردستان.

- بەهێزکردنی ڕێکارەکانی چاکسازی و دەستپاکی بۆ بنیاتنانی متمانە لەنێوان بەرپرسانی دەوڵەت و خەڵکدا، هەروەها بۆ زیاترکردنی خۆڕاگریی دانیشتووان لەبەردەم بیرۆکە و بانگەشەکانی توندڕەویی توندوتیژدا.
- پشتگیری و سەرپەرشتیکردنی هەوڵ و ڕێوشوێنەکانی دەسەڵاتە خۆجێیییەکان بۆ بەرجەستەکردنی شەفافیەت و لێپرسینەوە، وە بۆ دڵنیابوون لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری دادپەروەرانە، بە تایبەت کاتێک باس لە دەرفەتە ئابوورییەکانی حکومەت و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری یاسایی (دادگەکان) دەکرێت.
- ئەولەویەتدان بە حوکمڕانی باش و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لە جێگەی ئەوەی تەنیا گرنگی بدرێ بە بەرنامەکانی لێکنزیکبوونەوە و هاوبەندی کۆمەڵایەتی وەک پرۆگرامەکانی دیالۆگی ئایینی نێوان بیروباوەڕە جیاوازەکان.
- دەبێت ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان سەرچاوەی زیاتر بۆ باشترکردنی بەڕێوەبردن و گەشەسەندن لە هەرێمی کوردستان و پرۆگرامەکانی تر تەرخان بکەن.

## سێیەم: بەشدارییپێکردنی گەنجان و بەهێزکردنیان

گەنجان دەتوانن لە ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ و دووبەرەکیدا هاوبەشێکی سەرەکی بن. کلیلی ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ لە هەرێمی کوردستاندا بە شێوەیەکی کاریگەر لە بەهێزکردنی گەنجان و مامەڵەکردن لەگەڵ نیگەرانییەکانیاندایە. توێژێک گەنجی ناڕازی و تووڕە بەربەستێکی گەورەیە لەبەردەم سەرکەوتنی سیاسەتەکانی ڕێگریکردندا.

- دابینکردنی ڕاهێنانی پیشەیی و گەشەسەندنی بازرگانی بۆ گەنجان، بە ژنانیشەوە. دامەزراندن و یەکسانیی ئابووری بۆ بەهێزکردنی هەستی ئینتیما بۆ کۆمەڵگە بابەتێکی زۆر گرنگە.
- دڵنیابوون لەوەی کە گەنجان ڕاوێژیان پێدەکرێت لە بڕیارداندا لە هەردوو ئاستی ناوخۆیی و نیشتیمانی. ئەمەش دەتوانرێت لە ڕێگەی ڕاوێژکاری و کۆڕبەند و دیداری گشتی، هەروەها لە ڕێگەی مەکۆی ئۆنلاینەوە کە کراوەن بۆ گەنجان بۆ بەشداریکردن تێیدا بەدیبهێنرێت.
- ئاسانکاریی بۆ پەیوەندیی هەماهەنگی لەنێوان گەنجان و بەرپرسە حکومییە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکاندا بکرێت.
- میتۆد و ئامرازی کاریگەری وەک تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و تۆڕی پێکهاتوو لەو کەسانەی نموونە باڵای گەنجانن بۆ بەشدارییپێکردنی گەنجان بەکار بهێنرێن تا بتوانن بە باشترین شێوە بەرەنگاری پەیامە توندڕەوەکان ببنەوە. دەکرێت ئەمە ڕۆڵی دەنگی قوربانیان و/یان شوێنکەوتووانی پێشووی توندڕەویی توندوتیژ لەخۆ بگرێت و تیشکیان بخاتەسەر.[٤٧]
- دەنگە گەنجەکان بۆ ڕێگریکردن لە ڕادیکاڵکردن لەڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە بخرێنە کار. دەبێت حکومەت بە هاوبەشی لەگەڵ دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا و ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا مەشق بە گەنجان بکات تا میدیای دیجیتاڵی بەکار بهێنن و هەروەها بۆ بڵاوکردنەوەی جێگرەوە ئەرێنییەکانی چیرۆکە توندڕەوەکان.

## چوارەم: گەشەی ئابووری

لەکاتێکدا بەڵگەی تێکەڵ لەسەر پەیوەندیی نێوان فاکتەرە ئابوورییەکان و توندڕەویی توندوتیژ هەن، هەبوونی هەلی کار ناڕەزایەتییەکان کەم دەکاتەوە و بەمەش پاڵپشتیکردن لە بیرکردنەوە توندڕەوە توندوتیژەکان کەم دەبێتەوە.

- دابینکردنی دامەزراندن لە ڕێگەی هەمەجۆرکردنی دەرفەتە ئابوورییەکان، کە جەخت دەخەنە سەر کشتوکاڵ و گەشتوگوزار و کەرتی تایبەت.
- بە ڕاوێژ لەگەڵ دەسەڵاتە ناوخۆییەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان، هەڵسەنگاندنێکی گشتگیر بۆ پێداویستییەکانی ئەو گرووپانە بکرێ کە لە لەژێر مەترسیی توندڕەویی توندوتیژدان. هەندێ لە پێکهاتەکانی کۆمەڵگە پێویستییان بە گرنگیدانی تایبەت هەیە، وەک ژنان، منداڵان و گەنجان، ئەو خێزانانەی کە ئەگەری پەیوەندییان لەگەڵ ڕێکخراوە توندڕەوەکانیی توندوتیژدا هەیە، بە لەبەر چاو گرتنی توانا و سەرچاوە سنووردارەکان بۆ گەشەپێدانی ئابووری بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ئەم گرووپانە، لەوانەش ڕەخساندنی هەلی کار و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان.
- تەرخانکردنی بودجەیەک بۆ پشتگیریکردنی دانیشتووانی ناوچە شارنشینەکانی هەڵەبجە و گەرمیان و ڕاپەڕین، کە بەدەست خراپبوونی دەرفەتە کۆمەڵایەتی-ئابوورییەکانەوە دەناڵێنن.

## پێنجەم: خۆڕاگریی کۆمەڵگە و پشتگیریکردنی خێزانەکان لە ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ

ئەندامانی کۆمەڵگە و خێزان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ لەسەر ئاستی ناوخۆیی. ئەمەش کۆمەڵێک چالاکی لە خۆ دەگرێت، لەوانە پێشکەشکردنی ڕاهێنان و ڕێنوێنی بۆ گەنجان، بەهێزکردنی هاوبەندی کۆمەڵایەتی لەنێو کۆمەڵگەکاندا، بەهێزکردنی هاووڵاتیبوون و بەشداریکردنی گشتی لە حوکمڕانیدا، هەروەها بوون بە نموونەیەکی باڵا بۆ ئەندامانی کۆمەڵگە و خێزان. بەم شێوەیە، وەبەرهێنان لە زیادکردنی توانا و هۆشیاری و بەشداری ئەندامانی کۆمەڵگە پایەیەکی دیکە دەبێ لە هەوڵەکانی ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ لە هەرێمی کوردستاندا.

- زیادکردنی هۆشیاری و پێشکەشکردنی زانیاری و کارامەیی و ئامرازە سەرەتاییەکان بە ئەندامانی کۆمەڵگە و خێزانەکان لەسەر ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ. لە هەوڵەکانیاندا بۆ پاراستنی ئەندامانی

٤٧ توێژینەوەکان دەریانخستووە کە شەڕکەرانی پێشووی توندڕەویی توندوتیژ یەکێکن لە دەنگە کاریگەرەکان لە بەرەنگاربوونەوە و ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

Tore Bjørgo. Preventing Radicalization and Violent Extremism: Lessons Learned from Criminology, E*uropean Journal of Criminology* 14, no 2, (2017):169–191.

خێزانەکەیان لە کاریگەریی ڕێکخراوە توندڕەوە توندوتیژەکان، دەبێ پاڵپشتیی خێزانەکان بکرێت و پێویستییەکانیان دابین بکرێت تا بتوانن ئاماژە سەرەتاییەکانی مەترسی لە هەڵسوکەوتی منداڵەکانیاندا تێبینی بکەن و بیانناسنەوە و بەدەمیانەوە بچن.

- هاوکاریکردن لەگەڵ دەسەڵاتە پەروەردەییە ناوخۆییەکان بۆ زیادکردنی توانا و زانیاری و کارامەیی پەروەردەکاران، لەوانە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، فرە ڕوانگەیی و تێگەیشتن لە ئاڵۆزییەکان، بۆ بەهێزکردنی ڕێوشوێنی خۆپارێزی لە قوتابخانەکاندا.
- پشتگیریی دەروونی و تەندروستی بۆ ئەو خێزانانە دابین بکرێت کە ئەندامەکانیان چوونەتە ناو گرووپە توندڕەوەکانەوە. ئەم خێزانانە پشتگیرییەکی سنووردار یان وەرگرتووە و هەست دەکەن تووشی لەکەی کۆمەڵایەتی بوون و لەلایەن کۆمەڵگە گەورەترەکەوە دوور خراونەتەوە.
- بەشداریی بە ڕابەرە ئایینییەکان بکرێت بۆ بڵاوکردنەوەی میانڕەوی و ئاشتبوونەوە لەگەڵ ڕابردوو.



وێنە ١١: ئەنجام ڕەسوڵ / ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ

# ٧. پاشکۆ

## پرسیارەکانی ڕاپرسییەکە

### پرۆفایلی دیمۆگرافی و کۆمەڵایەتی-پیشەیی

- جێندەر
  - نێر
  - مێ
- تەمەن
  - ١٨-٢٥
  - ٢٦-٣٩
  - ٤٠-٦٠
  - ٦٠+
- لە کوێ دەژیت؟
  - شار
  - قەزا
  - گوند
- لەسەر چ ئایینێکیت؟
  - ئیسلامی سونە
  - ئیسلامی شیعە
  - کاکەیی
  - زەردەشتی
  - هیی تر
  - بۆ من نابێت
- سەر بە چ نەتەوەیەکیت؟
  - کورد
  - عەرەب
  - هیی تر
  - بۆ من نابێت
- باری پیشەیی ئێستات چییە؟
  - دامەزراوم بە دەوامی تەواو
  - دامەزراوم بە نیو دەوام
  - بێکار، خانەنشین
  - پێم باشە وەڵام نەدەمەوە
- بەرزترین بڕوانامە یان ئاستی خوێندن کە تەواوت کردووە چییە؟
  - نەمخوێندووە
  - سەرەتایی
  - ئامادەیی
  - دبلۆم
  - بەکالۆریۆس
  - ماستەر یان بەرزتر
  - پێم باشە وەڵام نەدەمەوە

١. بەگشتی پێت وایە شتەکان لە کوردستان بە ئاڕاستەیەکی دروست یان بە ئاڕاستەیەکی هەڵەدا دەڕۆن؟
- بە ئاڕاستەیەکی دروستدا دەڕۆن
- بە ئاڕاستەیەکی هەڵەدا دەڕۆن
- دڵنیا نیم

٢. ئایا کۆمەڵگەکەت ڕووبەڕووی توندڕەویی توندوتیژ بووەتەوە؟
- بەڵێ
- نەخێر
- دڵنیا نیم

٣. چ جۆرە توندڕەوییەک لە کۆمەڵگەکەتدا هەیە؟
- ئایینی
- ئێتنۆ-ناسیۆنالیزم
- سیاسی
- کۆمەڵایەتی/جوگرافی
- هیی تر (تکایە دیاری بکە)
- دڵنیا نیم
- بۆ من نابێت

٤. ئایا ئەو جۆرە زاڵەی توندڕەوی کە ئاماژەت پێ دا، هانی توندوتیژیی دەدات؟
- بەڵێ
- نەخێر
- دڵنیا نیم
- بۆ من نابێت

**٥.** هەستت بەرانبەر ئەم لێدوانە چۆنە؟ «کاتێک خەڵک لە حکومەت/پارتە دەسەڵاتدارەکان بێزار دەبن، ئەگەر زۆرە لەگەڵ بزووتنەوە توندڕەوەکانی ناو کۆمەڵگاکەتدا تێوە بگلێن.»

- هیچ هاوڕا نیم
- نە هاوڕام و نە هاوڕا نیم
- تەواو هاوڕام
- هاوڕا نیم
- هاوڕام

**٦.** کام لەم فاکتەرانەی خوارەوە دەشێت هانی توندڕەویی لە هەرێمی کوردستان بدات؟

- هەژاری
- خراپبەڕێوەبردن و گەندەڵی
- هیی تر (تکایە دیاریی بکە)
- بیروباوەڕی ئایینی
- دەوڵەت خۆی هانیان دەدات
- دڵنیا نیم
- نەبوونی پەروەردە
- ویستی تۆڵەسەندنەوە
- بۆ من نابێت
- بێکاری
- گەڕان بەدوای هەستی ئینتیمادا

**٧.** لەم توێژانەی خەڵکدا کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێ دراوە، پێت وایە کێ زیاتر ئەگەری ئەوەی هەیە پشتگیریی گرووپ و ئایدۆلۆژیا توندڕەوەکان بکات؟

- گەنجانی بێکار
- نوخبەی کۆمەڵگە
- ژنان
- ڕابەرانی ئایینی
- قوربانییانی توندوتیژیی لەلایەن دەوڵەتەوە
- هیی تر
- ئەندامانی پارتە سیاسییەکان
- بۆ من نابێت

**٨.** ئاستی متمانەت بە حکومەت چەندە؟ تکایە تەنیا یەک بژاردە دیاریی بکە

- بەرزە
- مامناوەندە
- زۆر نزمە
- زۆر بەرزە
- نزمە

**٩.** تا چەند لەم حکومەتەی ئێستا ڕازیت؟

- زۆر ڕازیم
- کەمێک ڕازیم
- زۆر ناڕازیم
- ڕازیم
- ناڕازیم

**١٠.** ئایا هیچ کات بەشداریکردن لە خۆپیشاندانی توندوتیژی دژ بە حکومەتدا ڕەوایە؟

- بێگومان ڕەوایە
- ڕەنگە ڕەوا نەبێت
- ڕەنگە ڕەوا بێت
- بێگومان ڕەوا نییە

**١١.** ئایا هیچ کات بەکارهێنانی توندوتیژیی سیاسی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکانی وڵاتەکەدا ڕەوایە؟

- بەڵێ
- دڵنیا نیم
- نەخێر
- بۆ من نابێت

**١٢.** پێت وایە بتوانیت متمانە بەم دامەزراوانە بکەیت؟

- حکومەتی ناوخۆ:
  تەواو متمانەم پێی هەیە
  متمانەم پێی هەیە
  کەمێک متمانەم پێی هەیە
  هیچ متمانەم پێی نییە
- پارتە سیاسییەکان:
  تەواو متمانەم پێیان هەیە
  کەمێک متمانەم پێیان هەیە
  هیچ متمانەم پێیان نییە
  متمانەم پێیان نییە
- حکومەت:تەواو متمانەم پێی هەیە
  تەواو متمانەم پێیان هەیە
  کەمێک متمانەم پێیان هەیە
  هیچ متمانەم پێیان نییە
  متمانەم پێیان نییە
- هێزە ئەمنییەکان :
  تەواو متمانەم پێیان هەیە
  کەمێک متمانەم پێیان هەیە
  هیچ متمانەم پێیان نییە
  متمانەم پێیان نییە

- سیستەمی یاسایی:
  - تەواو متمانەم پێی هەیە
  - کەمێک متمانەم پێی هەیە
  - هیچ متمانەم پێی نییە
  - متمانەم پێی نییە

**١٣.** ئەگەر پێت وایە دروستبوونی گۆڕانکارییەک پێویستە، هاوڕایت کە دەبێت سیستەمی حکومڕانی لە کوردستان لە ڕیشەوە بگۆڕێت؟
- تەواو ناهاوڕام
- نە هاوڕام و نە ناهاوڕام
- تەواو هاوڕام
- کەمێک ناهاوڕام
- کەمێک هاوڕام

**١٤.** تا چەند ڕازیت لەو دەرفەتانەی لە کۆمەڵگاکەتدا بۆ گەشەپێدانی کەسیی خۆت بەردەستن؟
- تەواو ڕازیم
- بە ڕێژەیەکی مامناوەند ڕازیم
- هیچ ڕازی نیم
- زۆر ڕازیم
- کەمێک ڕازیم

**١٥.** تا چەند هیوات بەکۆمەڵگەکەت هەیە؟
- هەمیشە
- جارجار
- هەرگیز
- زۆرجار
- بەدەگمەن

**١٦.** دەبێت چ شتێک بۆ ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ لە کۆمەڵگەکەتدا لەپێشترین بێت؟ (سێ دانە لە بژاردە هەر گرنگەکان دیاریی بکە)
- برەودان بە بەڕێوەبردنی باش و مافەکانی مرۆڤ
- بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی
- ڕەخساندنی هەلی کار
- بەڕێوەبردنی مەیدانی ئایینی
- پێشنیازکردنی بانگەشەی جێگرەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو پڕوپاگەندەیەی لەلایەن گرووپە توندڕەوە توندوتیژەکانەوە پەرەی پێ دراوە
- چاکسازییکردن لە سیستەمی پەروەردەدا
- پشتگیریکردنی گەنجان
- بەهێزکردنی ژنان
- بابەتی لەپێشتری دیکە (تکایە دیاریی بکە)

**١٧.** کاتێک خەڵک لەناو کۆمەڵگەکەی تۆدا نائومێد دەبن، چی دەکەن؟ دەتوانیت زیاتر لە بژاردەیەک دیاری بکەیت.
- گۆشەگیر دەبن
- ئالوودەی مادەی هۆشبەر دەبن
- دەچنە ناو گرووپە توندڕەوەکانەوە
- کۆچ دەکەن
- بەرهەڵستی نیشان دەدەن و خۆپیشاندان دەکەن
- خەباتی مەدەنی هەڵدەبژێرن و دەچنە کۆمەڵگەی مەدەنییەوە
- هیی تر

## پرسیارەکانی چاوپێکەوتنەکان و گفتوگۆکانی گرووپەکانی گفتوگۆی ورد

### هەڵسەنگاندنی گشتیی دۆخەکە

١. چۆن وەسفی دۆخی ئێستای کۆمەڵگەکەت دەکەیت؟
٢. بەگشتی کێشە سەرەکییەکانی ناوچەکەی تۆ چین؟
٣. هۆکارەکانی ئەم کێشانە چین؟
٤. کێن ئەو لایەنە سەرەکییانەی ئەم کێشانە کاریان تێ دەکات؟
٥. کێن ئەو لایەنە سەرەکییانەی پاڵنەر بۆ ئەم کێشانە دروست دەکەن و بۆچی؟
٦. کام لایەنە سەرەکییانە دەتوانن مامەڵە لەگەڵ ئەم پاڵنەرانەدا بکەن؟
٧. پێویستە کام پەیوەندییانە دروست بکرێن یان بەهێز بکرێن تا بتوانرێت تواناکانی کۆمەڵگە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ململانێ بەردەوامەکاندا بنیات بنرێن؟

### توندوتیژی و توندڕەوی

٨. ئایا توندوتیژیی لە کۆمەڵگەدا بڵاوە؟ ئەگەر وەڵامەکە بەڵێیە، هۆکارەکانی توندوتیژی چین؟
٩. ئایا توندڕەوی لە کۆمەڵگەدا بڵاوە؟ ئەگەر وەڵامەکە بەڵێیە، هۆکارەکانی چین، ئەگەر نەخێرە، چی ڕێگریی لێ دەکات؟
١٠. لایەنە توندوتیژە سەرەکییەکان لە ناوچەکەدا کێن؟
١١. بە بۆچوونی تۆ، هۆکارەکانی ناسەقامگیری لە کۆمەڵگەکەتدا کێن؟
١٢. پێت وایە کێ دەتوانێت ڕێگریی لە توندڕەوی بکات؟
١٣. سەبارەت بەو گرووپانەی کۆمەڵگە، کام گرووپ و چینانەی کۆمەڵگە لە مەترسیدان و پێویستە بپارێزرێن؟ (بۆ نموونە، ژنانی بێهاوژین، گەنجان، دەرچووانی زانکۆ، کچان...)

### چی کراوە و پێویستە چی بکرێت؟

١٤. حکومەتی ناوخۆ لە ناوچەکەدا چی بۆ ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ کردووە؟
١٥. تۆ چیت بۆ ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ کردووە؟
١٦. پێت وایە پێویستە چی بکرێت و چیت پێویستە بۆ زیاترکردنی توانای کۆمەڵگە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندڕەوی؟



وێنە ١٢: ئەنجام ڕەسول / ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ

# توندڕەویی توندوتیژ لە هەرێمی کوردستان: پاڵنەرەکان و ڕێکارەکانی ڕێگریکردن لێی

IOM IRAQ


iraq.iom.int

iomiraq@iom.int

UNAMI Compound (Diwan 2),
International Zone,
Baghdad/Iraq

@IOMIraq


Government of the Netherlands

IOM UN MIGRATION


© 2023 International Organization for Migration (IOM)

No part of this publication may be reproduced, stored in a retrieval system, or transmitted in any form or by any means, electronic, mechanical, photocopying, recording or otherwise without the prior written permission of the publisher.